# نازی تاوس و ئاورینگی قوڵینگ



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# نازی تاوس و ئاورینگی قوڵینگ

موحسین ئاوارە



ناوی کتێب: نازی تاوس و ئاورینگی قوڵینگ – شیعر
شیعری: موحسین ئاوارە
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٧٦٥
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد حەمید
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٦٧٧ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# نازی تاوس و ئاورینگی قوڵینگ

نەونەمامێکی ڕووتەڵە
هەڵدەچێ و دەڕسکێ
بەپۆشاکی پرسیار خۆی دائەپۆشێ
لە داوێنی پۆرگی دەڵەمەی ئاوس بوودا
چرۆکانی.. میوەکانی دەقڵیشێ
لە وەڵامیشدا تەڕاتی لێ دەتکێ
کاتێ پیریش بوو
جەندرمەکانی سروشت





ڕووتی دەکەنەوە و دەبێتە کۆتەرە
جامی بەتاڵی تەمەنی
بەدەم با و بۆرانەوە دەزرینگێ
ئەودیو، دیوە تاریکەکە، داوەتی دەکا
تەور بەدەستێک بەرەو ڕووی دێ
لەسەر ئەم هەسارە غەمگینەدا
شووشە بەتاڵەکانیش بەجێمان
لێرە و لەوێ
پەرداخەکان ڕەنگەکانیان لەبەر چوو
دڵەکان بەپڕی مانەوە
پڕ لە عیشق و میهر و گۆرانی
سەرەکان بەمەستی مانەوە
لێک ئالان هەودا و مەوداکانی جوانی
خودایە لێمان نەپسێنی هەوداکان
خاڵی نەبێ نێوان مەوداکان

لەسەر ئەم هەسارە غەمگینەدا

بڕوانە ئەو دەنکە فرمێسکە قەتیسماوەی

سەر روومەتی منداڵێک

چەنێ لەو ئەستێرەیە دەکا

لەو ساماڵ و ئاسمانەدا دەبریسکێتەوە





کە گەورەش بوو

چۆن دەرۆزە لە بەرائەت دەکا

پێی ببەخشێتەوە

من دەزانم کەناڵەکانی ژیان

زۆر و زەبەنن

من دەزانم شەمەندەفەر بەڕێوەیە و...

وێستگەکانی لێی بێ خەبەرن

مەرگ هەر ڕەنگێ بێ

یەک تەنگەتاو و چرکە و هەناسەیە

دوا وێستگەیە و بێ گەڕانەوەیە

***

ئەو دارستانە پایزئامێزە
ڕەنگی زەعفرانی گرتووە
نزیکترین هاوەڵی زەردەچووە
ئەو دارستانە پایزئامێزە
هێزی تیا نەماوە و زەندەقی چووە
سڵاو لە تۆ یەکەم درەخت لەو دارستانە
سڵاو لە تۆ یەکەم گۆڕ لەو گۆڕستانە
سڵاو لە تۆ ئەی مرۆڤ





سەرت بەو بەلەمە مەسپێرە
ئەو ڕووبارەش دڵت خۆش نەکات
کە لە شاخ و باخ و مێرگەکانی فیردەوسەوە
سەر بەرەوخوار دەبێتەوە
بەتەنیشت جەهەنەمدا ڕەت دەبێ
ناچێتە گەرووی لەعنەت و سزا
– ئەی مرۆڤ... ئەی غوبابە پڕ
پڕ وەک دەبدەبەی دەستی منداڵێک
چۆن دڵت هات

ئەو مامزە گەردن سوراحییە زێڕ زراڤە بپێکی
چ دووپشکێک پێی وەدات
چ قرمەی تۆ
ئەمیان ژەهری ڕشت
تۆ باروت
لەعنەت لە تۆ نەک سڵاو
ئەی ئەوەی جەستەت جەستەی مرۆڤە و
سەرت دووپشک
سڵاو لە تۆ ئەی ئازادیخواز
ئەوەتا سەر و ملی ڕیشۆڵەیەک





لەو پەنجەرە بچووکەی
دەرەوەی داوی تۆڕێکا .. بانگت دەکات
– ئەی مرۆڤ
لە نێوەندی نازی تاوس و ئاورینگی قوڵینگ
لەگەڵ سروشتی (با) تێکەڵ بووی
بەنەرمی و سروەیی
دەست بەسەری خونچەکان دادێنی
بەخشکەیی خونچەکان دەپیشێنی
دەگەشێنەوە
دەگەشێنەوە
دەگەشێنەوە

سەرشێتانەش دارستان ڕادەوەشێنی
قژی زەردی ڕەزەکان بەدوای خۆت
ڕادەکێشی و...
گەڵا و گوڵینگ و میوە و مەمک
دەوەرێنی
منیش لەگەڵ تۆدا
بەشم وا کەوتۆتەوە
جار نا جارێ ونبووی نێو هەور بم





بەتەم و تاریکی ئابلۆوقە درێم
بەجەڵدەی دەستی جەندرمەی
چاو برووسکدار بترسێندرێم
بەڵام لە ئەوجی نائومێدیا بەهیوام
چونکە هەور بۆرەئەسپێکی سەرکێشە و
ڕەوینەوەی هەیە
منداڵێکی گرینۆکیشە و
بەر بەرۆچکەی تەڕە و فرمێسکی پێوەیە!!

٢٠٠٨/١/٣

* لە ژمارە (٤٠)، کـ٢٠٠٨/٢ لە «نووسەری نوێ» بڵاو کراوەتەوە

## لالەی دایساو.. پڕشنگی ڕژاو

١

خۆی بوو
لە پشت پەردەی پەنجەرەکەوە وەستا بوو
(لالە)یەکی لەشولار شووشەیی دایسا بوو

٢

پەردەی ئاوەڵا کرد
ترومبێلەکانی تێک ئاڵاند





ڕاگوزەرانی حەپەساند
کرێکارێک دەستی لە ناو گەچدا ڕەق بوو
وەستاکەیان بلۆکی خوار دانا و..
چاوی ئەبڵەق بوو

٣

بەم ناوەدا گوزەر دەکەی
تۆ درەختێکی سەفەری
سێوەکانت تەکەتەکیانە
نەک هەر چاوی گەشی ئەو عاشقانە
تەلیسی دڵیان والاّ
بەئومێدن سێویان بۆ هەڵدەی
خەیالاّوین تۆ ئەم کارە بکەی
منیش وەکو هەمووان
بەڕوخسارتەوە نووساوم





هەنگاوەکانت ڕەوت بەڕەوت
خۆ دەئاخننە نێو چاوم
لە ناوەڕۆکت ناگەم جوانێ
ئەمە لە چ خوێندنگەیەکی جوانناسی
وانەی خوێندووە
ئەمە لە چ ئارایشگەیەکا
بەدەستی چ ئوستادێکا جوانتریان کردووە

٤

ئەمە بڵێسەی گڕە
لوولی خواردووە و پێچاوپێچ
سەما دەکا
یا گڕی گڕە دەبێتە مۆسیقا و
پەنجەکانی یاری بەژێیەکانی تیشک دەکا
لەگەڵ لەرەی با
هەستمان بۆ لای خۆی دەبا
ئەمە ئاگردانە





باوەشێک گوڵی سووری لە خۆ گرتووە
سەرنجمان پڕ لە حەز و میهر دەکا
ئەمە ئاسۆی سوور هەڵگەڕاوی ئێوارەیە
یا فیستانێکی سووری بەر ئەم جوانەیە
پەنگرەکانی سەر سینەی
خونچەی دەمی
دەممان پڕ پشکۆ دەکا
ئەمە چ ئاژاوەیەکا
لە ڕۆحماندا بەرپا دەکا؟!

٥

ژن تەڕێتی ئەو کەونەی هەڵمژتووە
ژن لەسەر ئەم هەسارەیەدا
جوانییەکانی زەوت کردووە
بۆیە منی پیاو لە وشکەڵانیدا
بەخەیاڵی تەڕ لە دەریای قووڵدا
لە بەلەمی سەرەڕۆدا سەوڵ لێ دەدەم
بێ ئەوەی لە ئەلف و بێی
ئەم نهێنییە بگەم





٦

شەو ڕاکشاوە و تۆش ڕاکشاوی
مەمکە پڕەکانت
سەرمەست و خەیاڵاوی
جگە لە ستیانەکەت
چنگە بەتاڵەکان پڕ ناکەن
چنگەکان هەر کراوە و بەتاڵن
مەمکەکانیش هەر پڕن
ئەم باڵندە و ئەستێرانەش بۆ داناسەکنێن
بۆ هەڵناکوڕمێن بەکڕی
من لە نێوانی دوو مەمکدا
باڵەفڕکەمە و باڵ لێک دەدەم
من لە نێوانی دوو مەمکدا
دەنووکم پڕ خوێنە و
سەرم لار بۆتەوە و ڕۆح دەدەم!!

٧

لەم ژوورەوە ئەچێتە ئەم ژوور
دەلەرێتەوە مەمکەکانی
دەلەرێتەوە جامخانە و ئینجانە و
گوڵەکانی
لەم ژوورەوە ئەچێتە ئەم ژوور
تێک دەشکێنێ سنووری کریستاڵ و بلوور
بەهەنگاوەکانی
دەڕەوێتەوە تەمی سەر جام و
دەبریسکێتەوە
چیمان بزر کردووە لە شتە جوانەکانی





٨

لەم هەڵپەرین و شایی و ڕەشبەڵەکەدا
لەم خرۆشانی مۆسیقا و بەند و
گۆرانییە بەجۆشەدا
لەم فەزایە سەرمەستییە
بەئاگایە بێ ئاگاییەدا

هەموو هەمووی
لە نێو دوو دەستدا کۆ بۆتەوە
یەکێکیان دەستی منە و
لە نێو دەستە نەرمەکانی تۆدا
ئەوەی تریان هەستی منە و
لە نێو هەستە گەرمەکانی تۆدا
ئای لەو چەند دڵۆپە ئارەقەیەی
نێوانی دوو دەستماندا
دەبێتە هەڵم و باڵ دەگرێ
دەفڕێ و
دەفڕێ و
دەفڕێ





٩

پڕم کە لە خۆشەویستی
پڕم کە لە وەفا و گوڵپەرستی
پڕم کە لە بەیدەستی
پڕم کە لێوانلێو لێم بڕژێتەوە
تا ئەو ئاژەڵە دڕندەیەی لە ناخمایە
جێم بهێڵێ

لەم یارییە دوو جەمسەریەدا

نەیباتەوە و بیدۆڕێنێ

پڕم کە پڕ

بەشەپۆڵەکانی خۆشەویستی

سەراوبنی کە

بەگەردەلوولی عیشق لوولی دە

ڕۆحی ڤالانتاین ئاسوودە کە

ئەگەر ئەو دوو چاوانەشم





لێ بسێنی

لە دوو چاو زیاترم پێیە

تۆی پێ ببینی

پڕم کە پڕ لە خۆشەویستی

پڕم کە پڕ لە وەفا و گوڵپەرستی

با بگەڕێنەوە پاڵ یەک و

ببنەوە بەردە زلەکەی جاران

ئەو وشە و دێرە یادئامێزانەش
بگەڕێنەوە پاڵ یەک
زمانێ زوو
بەدەست و پەنجەی عاشقان هەڵکەندرابوون
دواتر لێک دابڕابوون
دەسا وەکو جاران
شیلاوی شیرینی (ئەوین)یان
لێ بتکێتەوە
فرمێسکە شکاوەکانی وەفاداران
بخوێندرێتەوە





١٠
خۆزیا (با) ، (با)یەکی بەهێز هەڵی دەکرد
ڕووتی دەکردمەوە لە جلوبەرگ
لە چەک و فیشەک و فیشەکدان
لە عەقلیەتی کوشتن و گرتن و تالان
خۆزیا بەڕووتی هەڵی دەگرتم
لە کیشوەرێکی نەدۆزراوەی تازە دای دەگرتم
کە هێشتا فام ناکەن و بیریان بۆ چەک ناچێ
جوانترین وشە لە لایان ئەڤیندارییە
ماڵداریان گوڵدارییە!!

ت١/٢٠٠٧ هەولێر

## ئەو ئامێرەی لە هەرێمی ئەهریمەنەوە هەڕەمە

لەو ڕۆژگارانەی
تەلەفۆن بەهەندر کاری دەکرد
هێشتا مۆبایل
لەسەر زمانما هێلانەی چێ نەکردبوو
پەی بەکات و ژیانمانی نەبردبوو
یفتۆشینکۆ
بەدەرکوت دەرگەی ماڵی دڵبەندەکەی
کوتا بوو





ئەو دڵبەندەی لێی زویر و بەسکاڵا بوو
چۆن دەرگەی لێ کردەوە
ئاوا بە ڕووی داخستەوە
یفتۆشینکۆ گەڕایەوە
تک تک خوێن لە ساونەی سینەی و
لە دڵی شکستیدا دەتکایەوە

وەک ئەو سەگەی قاچی بەر پێچکەی
شەمەندەفەرێک کەوتبوو
دەڕۆیشت و خوێن لە قاچی دەتکایەوە
ناحەقی نەبوو یفتۆشینکۆ بڵێ
ئەو سەگە زامدارە لە من بەختەوەرترە
کە ئاسەواری خوێنەکەی دیارە
بەڵام زامەکەی من لە ژوور سینە و دڵمەوەیە
کەسێ نایبینێ
یفتۆشینکۆی ئێستا
بەنوکە و ئیمێل و نامە بەڕێکردن





بەپل و پەنجەی سەر دوگمەی مۆبایلێکەوە
لە دەرگەی دڵی یارەکەی دەدا
ئەگەر مەسەلە داخران بێ
لە جێی دەرگە مۆبایل بە رووی دادەخرێ
مۆبایل دەیخاتە دەرەوەی بازنە
نەک دەرەوەی دەرگەی ماڵ
دەیخاتە سەر باڵی خەیاڵ

من و تۆش جوانێ
بەقەد مۆبایلەکەی نێو جەنتاکەت
بەیدەستێکە لە نێو دەستمایە
یا لە دەستایە
وەک گیانلەبەرێکە لە دڵەکوتەدایە
دووراو دوور دەڕوا و دێ
دوورییەکەی ئەو نێوەندە
بەدوگمەی مۆبایلێک دەسپێرین
زەنگێ... نوکەیێ ... مەسجێ
بۆ یەک دەنێرین





سەدەها کیلۆمەتر و میلەها و میل
بەچرکەساتێ.. دەتگاتێ
بەنێو دۆڵ و توناوتوونەکان
بەسەر گرد و گردۆلکان
بەسەر کەلو و باڵەخانە و دوورگەکان
بەسەر شاخ و ڕووبار و دەریا
بەسەر گۆڕستان و زیندەگستان و
درەخت و گیا
دەڕوا و دەڕوا
بەفر و باران و زریان دەبڕێ
ڕووناکی و شەوی تاریک دەبڕێ
دالان و دەماری ورد و ڕێی باریک دەبڕێ
لە گەردەلوول و پێچاوپێچەکانیش گیر نابێ

ڕەشەبا و گێژەلووکەش

ناتوانێ ڕێی پێ بگرێ

ئەو دەنگە دەستڕۆیە

کارێکە هەر بەمۆبایل دەکرێ

هەموو گێتی لە خۆ دەگرێ

مۆبایل.. مۆبایل

ئەی ئەو کۆترەی





دوو سێ جارێک باڵ لێک دەدەی

وتەکانم هەڵدەفڕێنی

هی من بۆ ئەو

هی ئەو بۆ من

قەرزارتم کوڕی تەکنەلۆژیا

قەرزار قەرزار

وەک بارانێکی بەخوڕی مەزەدار

بەسەر کێڵگەیەکی وشکی وشکە ساڵ

ڕۆشنکەرەوەی تاریکە دڵی جووتیار
قەرزارتم قەرزار
مۆبایل
مۆبایل
دەستم دامێنت مۆبایل
لێت نەبیستم (پێوەندییەکەت وەڵام ناداتەوە)
لێت نەبیستم (لە دەرەوەی بازنەیە)





لێت نەبیستم (مۆبایلەکەی داخراوە)
لێت نەبیستم
وەک ئەو دەرگەیەی بە ڕووی
یفتۆشینکۆ داخرا
بوو بەشیعر و
لە دەروونیدا بوو بەگرێ
زەنگم بقرتێنی و بە ڕووم داخرێ
مۆبایل..
مۆبایل..

ئاب/ ٢٠٠٧ سلێمانی

## ئەو دڕندە کێوییانەی لە دەرەوەی ئاقاری دەستەمۆیین

١

پشیلەکانی باکور
پشیلەکانی باشوور
پشیلەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا
بەیەک زمان و شێوەزار
بەزمانێکی هاوبەش و ستاندارد
دەمیاوێنن.. میاو.. میاو
کەڵەشێرەکانیش دەقوقێنن
قوققوقو





بەدەر لە (توتی)
مرۆڤ ڕای دەهێنێ
بەزمانی میللەتەکەی خۆی ئەیدوێنێ
چەند جوانە گشت ئاژەڵ و باڵندەکان
بەیەک زمان لە یەکتر دەگەن و ئەدوێن
کەچی مرۆڤی ئەوێ لێرەدا
مرۆڤی ئێرەش لەوێ
لاڵ دەبێ و لە زمان دەکەوێ
خۆزیا هەموو زمانەکان
دەکران بەهەویر و دەشێلدران
لە تەنوورێکدا دەبرژان

٢

لەگەڵ گرمەی لوغم و تۆز و غوباردا

دەنگ نەما.. سروشت حەپەسا

دەستی بزر بوو... دەستی ڕاستەی

بەزرینگانەوەی گوێچکەی

نەمانی چێژی دەست بۆ گوشینی بەی

لە خوێن و هەستیدا

لە هەنگاوی بەربەستیدا

خولێکی تری پێ بەخشی





خۆی دەنواند

لە ئەڵوەستە و ڕووچوونی دەروونی

وەک داوێکی نەبینراوی

نێوان تاریکی و ڕوونی

دەیگوت.. نابینم وەک جاران

مانگ لە ئاوە ڕۆشەنەکاندا ڕۆشەن بێ

لەگەڵ گوڵەکاندا لە گوڵشەن بێ

شیلەی چاوی.. ڕۆشناییی بەدەن و گیانی

مەترسیدارە و ڕاڕایە

نەک بۆ لوغم و بەس

بۆ بۆمبی ناوەکی

کە لەسەر گۆی زەوی لە فرەییدایە!!

٣

(باز) و (کەروێشک)ی بەستراوە
لەمسەر و ئەوسەردا
(باز) بەکەروێشک دەڵێ
ئەگەرچی من ناتوانم بگەمە تۆ و بتخۆم
لەجیاتی گۆشت، خەم دەخۆم
کەروێشکیش بەباز دەڵێ
منیش برسیمە و گۆشتیان کردۆتە ژەمم
هەرچەندە تۆش وەک من بەستراوەی
بەڵام دڵم بەروەست نادا و بەخەبەرم
چۆن جێگۆڕکێ بەو خۆراکەی بەردەممان دەکرێ
نە تۆ (گیا)ت پێ دەخورێ
نە منیش گۆشتم بۆ دەخورێ
برسییەتیش وەکو کەری دێزە
لێمان دەخورێ!!





٤

ئەشکەوتێکی دێرینە ساڵ
دەرگەیەکی پۆلایینی بێ پەنجەرەی پێوە نرا
لە ژوورەوەیدا
(ئازادی) تەنگەنەفس بوو، عەجمانی نەما
لە ناخەوە خرۆشا و جۆشا
وەک ئەسپە کێوی لغاوکراو
سەرکێشانە رەوییەوە بە ڕووی
تاریکی و دەرگەی داخراو
دەرگەی لە ڕێسمەوە هەڵتەکاند
بەسەرپشتدا وەری گەڕاند
ڕەها بوو هاتە دەر
لەگەڵ رووناکیا یەکتریان لە باوەش گرت
لە لەوەڕگەی تەڕ و تازەدا
هەوای ئاوازێکی نوێیان هەڵمشت!!

٥

لەسەر کورسییەکی شلۆق
لە تەنیشت بێ هۆشی
لە تەک گلۆڵەیەکی ئاڵۆز
چێژی سەرەڕۆیی دەنۆشی
یا بەسواری گوێدرێژێک بەلوژ لوژ
بەرەو سەرابێکی بێ سەروبن دەڕوات
هۆش و عەقڵ لە خەو هەڵناستێنێ
لە پێخەفدا جێیان دێڵێ





چەکی عاتیفە لە شان دەکا و
فیشەکدانی میسالیەت دەبەستێ
تا لە شەڕێکی بەماناداركردنی
بێ مانادا
شەت و گێڕ، بەدەروونی شکستەوە
نەگەڕێتەوە لای خەوتووەکان
ناچێتە ژێر باری لۆژیک
ئەمەیە دوو وێنەی لالووت
فیلەتەنێکی ڕەزا قورس،
باریکەلەیەکی شیک!!

نیسان/ ٢٠٠٧ هەولێر

## قاقانی خاک

تێر تێر بووە گیانم لە خەم
لێوانلێوە و لێی دەڕژێتەوە
با سەرداری خەم
عارەبانەی راکێشێ و لێی خوڕێ
چیتر خەمم بۆ ناخورێ
ئەگەر خەم بەبەردەمما تێپەڕێ
ڕووی لێ وەردەگێڕم
ئەگەر ئەو دانیشێ، من هەڵدەستم





تا ماوم گرێبەستێکی لەگەڵدا نابەستم
تێر تێر بووە گیانم لە خەم
پڕ پڕ بووە ژیانم لە خەم
گەر زەمبیلەی جاران مابێ
ئەو کاتانەی ڕۆژانە پڕم دەکردن
لە خەمی وشک و تەڕ
دەمبردەوە بۆ ماڵ
لەمەودوا زەمبیلەی تر بەتاڵ ناکەم
ناچمەوە ژێر باڵی خەم و خەیاڵ
من خەمێکی گەورەترم هەیە ئەگەر بیخۆم
ئەویش خودی خۆمە، بەمێوانم دەزانن
لەسەر خاک و نیشتمانی خۆم!!

٢٠٠٦/١/٣ هەولێر

## بەرزەک

لە سەفەری ئەندێشە و ڕامان
تا دوا شەبەنگی بینین
دەڕوانمە تۆ ئەی ئاسمان
ئەی ئاسمانی بچووک بچووک
بەقەد گلێنەی چاوم
ئەی ئاسمانی گەورە گەورە
بەقەد ئەو بازەی هەڵت داوە
ڕۆژێ دەربێنێ هەردوو چاوم





کوا ئەو بۆشاییانەی ڕۆژانێ هەبوو
ئەوەتا باڵندە و مووشەکە بێ باڵەکان
فڕۆکە و مانگە دەستکردەکان
هەور و خۆر و
مانگ و کۆلارە و ئەستێرەکان
گیانیان بەتاڵ نەهێشتووی
گەر منی مرۆڤ، (باڵ)یشم نەبێ
بەنێو ئەو بۆشاییانەی تۆدا
بەخورجینەی پڕ لە وشەوە بفڕم
هەمیشە بەهێزترین فڕندەم بۆ فڕین
ئازادیشم لێ زەوت کرێ
خەیاڵ هەڵم دەگرێ
زەینی شتە جوانەکان بەرزم دەکاتەوە
هەر نا لەم فەزایە بێ (بازگا)یانەی تۆدا
وەک ڕەوەند و کۆچەرییان
ئێرە و ئەوێم پێ دەکرێ؟!!

ئادار/٢٠٠٦ هەولێر

## شەن و کەوی سەرمەستانی شەو

دوای درەنگانی شەو
مێزە چۆڵبووەکانی مەیخانە
هاتنە پاڵ یەک گردبوونەوە
سەربردەی ئینسانە مەستبووەکانیان
بۆ یەکتر دەگێڕایەوە
یەکێکیان وەک زبڵکێشێکی وردبین
کە ڕۆژانە لە زبڵ و پاشماوە نهێنییەکان
ورد دەبێتەوە





یا چاڵ هەڵکەنێ ئاسا
کە زیاتر لە ژینگەی ژێرزەمین بگات
گوتی..
ئەمشەو وەکو شەوانی تر
دوا مەستی مەیخانە و دوا نەفەر
ئەو پیرە مەیکەدەیە بوو چووە دەر
ئەوەتا لێی بەجێماوە هۆنراوەیێ

– (ئەو دەستەی جارانم نەماوە
پێک لە پێک دەم و بڵێم چەرێو .. نۆش
ئەو قاچانەم بڕستی جارانی نەماوە
یەکپێ ڕاست بمەوە
لە پێشوازی تۆدا ئەی یار
ئەو سەرە سەودازەدەی جارانم نەماوە
قیت و قۆز بوەستێ
لە دوورڕا تۆ بناسێتەوە ئەی یار
شەوق و شوعلەی گەردن سوراحییە نازدارەکان
حاڵ و جەزبەی ویساڵ و
نەغمەی شالووران.. وەکو جاران
پەرداخی ویژدانم پڕ ناکەن لە ئاگر
من لە گرووپی گوڵەکان بووم





نەک دڕکە سەر کزۆڵەکان
من ئەندامێکی کارا بووم
لە سەندیکای عیشق و
سەرحەلقەی تیمەکانی جوانپەرستان
ئەی بۆ چی بمێنم...
ئەگەر دڵم نەلەرزێ
بەلەرزەی سینگ و بەرۆکی جوانڕۆیان
موبتەلا نەبم لە بەردەم میحرابی چاوەڕوانی
لە هاتوچۆیان؟
بەو عەینەگ و ددانی دەستکرد و گۆچانە
ئەوەی فەرامۆشیم پێ ببەخشێ
تەنیا ئەوەندەیە کە گۆشەگیرم لە مەیخانە!!

تەمووزی/ ٢٠٠٧/ شام/ سووریا

## ڕانە هەورێکی قوڕگ نووساو

ئەی مرۆڤ لە وشکەڵانیدا
ئەی باز لە ئاسمان و زەویدا
لە ژێر (ئاو)یشەوە
واز لە ماسی ناهێنن
بەڕشتەی هەناسەدانی دەڵێن.. بوەستە
ئاو زامدار دەکەن و ماسی لێ دەستێنن
ئەگەر فڕندەیەک
لە ئاسمانیش دوور خەنەوە





لە نێو پەراسووەکانی (قەفەز)یشدا بەندی کەن
هەناسە دەدا و دەچریکێنێ
بەڵام ماسی، هەتا لە دوایین چرکەساتیدا
یەک وتەی بۆ نامێنێ
وەک ڕانە هەورێکی قوڕگ نووساوی ڕاپێچکراو
لە ناویاندا ئەستێرەیەکی ساوای ئەنفالکراو
ئاه لە دەست ئەم داو و تۆڕە
بۆ بێچووە ماسییەکی شیرەخۆرە!!

ئەیلوول/ ٢٠٠٧ هەولێر

## ئەو پەڵە هەورەی هەڵدەکشێ

بەم ئێوارەیە
پەڵە هەورێکی سپی
تێکەڵ بەرەوە گورگی بۆر
ڕادەکا و هەڵدەکشێ
ناوە ناوە دەکەونە بەر تیشکە لاوازەکەی خۆر
لەم ئاسۆیە زەردەپەڕەدا
لەم خۆر ئاوایە دڵ پڕەدا
پەڵە هەورەکان دەگەنە دەم کەل و





پڕ خوێن دەبن
جارێکی تر ئاسۆ
جگەرەیێ دادەگیرسێنێ
تووتنەکەی سەربردەی ئەو ڕۆژەی شارە
ڕەنگیش لە ئاست شمشێری ئەو کاتەدا

خۆی ناگرێ
دەبێتە دووکەڵی جگەرەکە و
لە شەقەی باڵ دەدا و دەفڕێ
منیش دەگەڕێمەوە
ئەو شووشەیەی لە کیسە نایلۆنەکەدایە دەریدێنم
ئەو شلەیەی لە شووشەکەدایە
بەسەر کێڵگەی وشکی دەروونما دایدەبارێنم
گیانم گەشە دەکا و...





تاڤگەیەکی پڕشنگدارم بۆ دەژێتەوە
دڵی ڕۆیشتووم لەوسەری ئاسۆدا
ماندوو و شەکەت بۆم دەگەڕێتەوە
هەر بەو پەرداخە پڕەش
لەشکری شەو تێک دەشکێنم
ئەگەر ئەمشەوەش خەم
خۆی بئاخنێتە نێو پەرداخەکەم
لە پەڕاوێزا جێی بۆ ڕادەخەم

٢٠٠٨/١/٧ هەولێر

## جەنگ و دڵداری

شەڕ و پێکدادان
جەنگێکی بێ ئامان
ئاگر... ئاگر
ئەرز و ئاسمانی سوور هەڵگەڕاندبوو
لەولاوە پیری مەیکەدە
ئاگری پێ نەبوو جگەرەیەک داگیرسێنێ
بەزمانە بڵێسەی ئەو ئاگرە سوورەی جەنگ
جگەرەکەی داگیرساند





مژێکی قووڵی لێ دا و... ئاوڕی دایەوە
ئەی خودا
شین و شەپۆڕی عاشقان لە شەودا
پرخە پرخی گەندەپیاوان لە خەودا
لە پەنا کەلاوەیەکی وێرانبوودا
دوو تۆلازی دڵگەرم
لە قووڵاییی خەون و خولیای دونیای خۆیان
ئاوێزانی یەکدی دەبوون
کەوتبوونە ڕامووسان و جینگڵدان
بەتاڵکردنەوەی سینەی پڕ مەراق و
نەمانی باڵانسی بیرکردنەوەیان
ڕووباریان لە دەرەوەی جەنگ و
ئاویان زوڵاڵ و ڕەوان

٢٠٠٨/٢/٢ هەولێر

## ئاشتەوایی

لە گوندی ئاشتەواییدا خۆر پێ دەکەنی
باڵۆنی ڕەنگاوڕەنگی خولیا و خەونی منداڵان
لە ئاسماندا
تیری ئەغیاران نایگاتێ
زێباکان چاو هەڵدێنن
کۆترەباریکە دەگمێنێ
لە گوندی ئاشتەواییدا
ژیان دەست پێ دەکا و...





کۆژان خۆی دەکوژێ و
(حەربا) واز لە لاساییکردنەوە دێنێ
لە گوندی ئاشتەواییدا
ڕەشەڕەیحانە بەسروەی بەیانیان
باوێشک ئەدا و خۆی لێک ڕادەکێشێتەوە
(شەنگەبی)کان دەلەرنەوە
دەستی مەحەببەت
گوڵە مینا و دەمەشێر و درەنیگا و جوانییەکان
چەپک دەکا و دەیانگونجێنێ
واز لە دەستەوئەژنۆیی ئیمڕۆ و
دوێنێی دێنێ
لە گوندی ئاشتەواییدا
لەگوندی ئاشتەواییدا
شەڕ چۆک دەدا، ئەسپ سەرفرازە و دەحیلێنێ
کەڵەشێر دەنگی زوڵاڵە و
مژدەی ڕۆژێکی تازەتر دەگەیێنێ!!

٢٠٠٨/٢/٣ هەولێر

## ئۆخژەن

١

ئەو دارەی دەبڕدرێتەوە
لە جەستەی دارستان جیا دەکرێتەوە
بەختەوەرە بیکەنە ئامێرێک
لە ئامێرەکانی مۆسیقا ژەنین
تەلەژێی لەسەر سینگیا ببەستن
لەگەڵ جووڵەی دەست و پەنجەی هونەروەرێ
ئاواز و کۆژان هەڵقووڵێ





لە دڵەوە بۆ دڵی
بەیادی دارستان و هاوڵ و بێچووەکانی
سۆز و یاد هەڵچێ و هەڵچێ
وەک حیلەی ئەسپە کێوی سندمکراو
کێو بلەرزێنێ
دواتر دامرکێ بەئۆخژەنێ!!

٢

درەختە بڕاوەکانی دارستان
بەهێلانە و پووشەڵان و هێلکەوە
دەبردرێن
باڵندەکان بەدوای هێلانە و بێچووەکانیان
لە ئاسمانەوە گڕی تووڕەیی دەبارێنن
لەسەر زەویشدا هەڵدەکوڕمێن و...
فرمێسکی درشت دەچێنن
ئەی خودا
ژێرزەوی چەند گەرمە بەو فرمێسکانە!!

٢٠٠٨/٢/٨ هەولێر

## لە دەرەوەی خودی خۆیدا

گوناهە دەچێتە پێستی پڵنگ و
وەک پڵنگ خۆی دەناسێنێ
جار جاریش خۆی بەخۆی دەڵێت
کێ دەڵێ پڵنگ نیم؟
دەیەوێ بڕوا بەخودی خۆی بێنێ
ناوە ناوەش، ئەم هەوەس و هەیبەتە
ئەم هەوا و عیززەتە
هەرەس دێنێ





دەگەڕێتەوە سەر ڕەگەزی خۆی
دەڵێت... من جەستەم، جەستەی مرۆڤە و
سەرم... بەڵێ سەرم، یەک سەرە و
بووە بەدوو
بەشێکی پڵنگ و
ئەوەی تر مشک!!

٢٠٠٧/١٢/١ هەولێر

## لە ئاوی پاکدا

هێشتا ئێوە هەڵنەستاون لە خەو
ئاوەکان پاکن
فریشتەکان مەلەی تیا دەکەن
هێشتا تۆڕ هەڵنەدراوەتە ناو ئاو و
ماسییەکان نەورووژاون
داربڕ تەوری لە دار گیر نەکردووە
دڕندەی بەهێز
پەی بەلاوازەکان نەبردووە





هێشتا پەڵە هەورەکان
بەراییان لە خۆر نەگرتووە
مەقەستەکان
تیشکەکانیان نەقرتاندووە
ئاوەکان پاکن
فریشتەکان نارۆن مەلەی تیا دەکەن
تا ئەو کاتەی کۆترە بەفرینەکان
لە خەو هەڵدەستن و
لە شەقەی باڵ دەدەن
ئاوەکان پاکن!!

٢٠٠٨/١/٢ هەولێر

## تیرۆر

ئەوەی جێی هێشتبوو،
نامەیەک بوو
دەنک دەنک تنۆکی ڕۆندکی پێوە
لە تەک نامەدا
(کلێنکس)ێکی فرمێسکاوی تەڕ تەڕ جێمابوو
وەک ئاگردانی ڕەوەندان جێماوی نەکوژاوە
(با) ئەو بایەی بەسەریا ڕەت بووە
سروەیێ نەرم و نوێ





فرمێسکەکانی وشک نەکردۆتەوە
نامە و کلێنکسی بەتەڕی هێشتۆتەوە
حەیفێ
دڵدارەکەی لە ڕێگادا تیرۆر کراوە و
نەگەیشتووەتە جێ ژووانێ
چاوەڕوانکراویش بەو هەقیقەتە نازانێ
دواتر گەردەلوول نامە و کلێنکسی هەڵگرتووە
(نامە) بەشاخێکەوە نووساوە و
بووە بەبەرد، بەردی مەڕمەڕ
کلێنکسەکەش پەڵە هەورێکی چاو تەڕ
هەموو ساڵێ لەو ساڵڕۆژەدا
بەردەکە دەدرەوشێتەوە و حەرفەکانی دائەگیرسێ
پەڵە هەوریش بەسەر شاخەکەدا
خۆی بەتاڵ دەکا و نم نم دەبارێ
بەنێو قووڵاییی خاکیشدا دەچێتە خوارێ!!

ئادار/ ٢٠٠٧ هەولێر

## ڕەنگەکان

گشتمان ڕۆیشتین
لە بینینی تاوسەکان تێر بووین
تەنیا ئەوانەی نەڕۆیشتن و زۆر مانەوە
بەقووڵی دەچوونە چاڵایی تەماشا
لە پێستی ڕەنگەکان بزر دەبوون و
درەنگ دەهاتنە دەر
مەخلووقێکی نامۆ بوون بەپێوانی پێوەر
منیش وەک ڕۆژنامەنووسێ





لێیان چوومە پێش
– ئێوە چ کارەن
یەکێکیان بۆیاخچی و ئەوەی تر بۆیاخفرۆش
سێیەم و چوارەمیش شێوەکار و وێنەکێش

٢٠٠٨/١/٤ هەولێر

## به هەردوو دیویدا

١

لە ناوەوەی خۆمدا
شتێک هەیە گەشە دەکات و
بەرەنگاری دەبمەوە
ڕەنگە بێزاری بێ یا خەم
بۆیە شتە ڕووناکەکان دەخوێنمەوە
بەنرخی نوتەک و تەم





٢

ڕۆژانە خەنجەرەکەم لە هەسان دەدەم
شەوانە لە پشت سەرمی دادەنێم
لێ ناگەڕێم ژەنگ پێی بوەستێ
دەبێ بدرەوشێتەوە
لە سەرپێ بۆم ڕاوەستێ
نەک لە ترسی تاریکی و
چەپۆکی ئاژەڵە چڕنووک تیژەکان
لە ترسی مرۆڤە دڵبەردەکان

٣

لێ نەگەڕان خونچە بپشکوێ و دەم بکاتەوە
لێ نەگەران خونچە ببێ بەگوڵ و قرتاندیان
ئەوەتا بەیاخەی چاکێتی دیکتاتۆرەوە
لالەڕەنگ و داماو
لەولایشەوە پەپوولەکان
سەریان بەدڕک سپاردووە
هەنگەکان مانیان گرتووە
عاشقانیش پەنایان بۆ مەرگی سوور بردووە!!





٤

ئەگەر منداڵێک بۆ ئەوەی تر
بەردێک ڕاوەشێنێ
تۆ بزانە، لە ئاسماندا
سەری ئەستێرەیەک دەشکێنێ
دوو دڵدار، ئەمیان بۆ ئەوەی تر
ماچێکی هەوایی هەڵدا
لەسەر بەردیشە چرۆیێ چەکەرە دەکا
لە ڕەزە شینکەکەی ئاسمانیش
مانگ دێ و میوە دەڕنێ
ئەستێرەیەکیش لە پاڵ پەڵە هەورێکدا
کەمان دەژەنێ

٥

تا ئەو ئاستە پوولەکی بوو
لە دوایین نوزە و ئاویلکەدانی سەرەمەرگیدا
دوو وێنەیان بەرەو ڕووی کردەوە
ئەمەیان (پارک)ێکە و...
ئەوەی تریان (قاسە)یە
کامیان هەڵدەبژێری لە نێویدا بمری
پەنجەی ئاماژەی بۆ (قاسە) کە هەڵبری!!





٦

من تێ ناگەم
لەو ئاسمانەدا یەک مانگ هەیە
کەچی چوومە سەر هەر کانیێ،
مانگی تیا بوو
تەنیا کانییەک نەبێ
قەوزەی نەریت دای پۆشیبوو

٧

چەند بەگریانە ئەم گۆڕستانە
زەوییەکەی، مردووانی قووت داوە
کێڵەکانیشی،
فرمێسکی شکاوی زیندووانی پێوە لکاوە
چەند بەگریانە ئەم گۆڕستانە
لە دەمە خاکدا، گوڵە دەمەشێر هەڵچووە
بەکولانەوەی زخمەکانەوە دڵی پڕ بووە
لەگەڵ زیندووانی گریاو دەگریێ
شەوانیش سەر بەشانی کێڵەکان دەکا و دەنوێ
ئای لەو گوڵەی ناو گۆڕستان
شەو و ڕۆژی، زامی تەڕ و بەسوێ
چەند بەگریانە ئەم گۆڕستانە





٨

سپارتاکۆس عیشقی ڕەهایی لە دڵدا بوو
بۆیە لە چاوەڕوانی هەتاوی ئازادییا
وەک گوڵەبەڕۆژە زەرد هەڵگەڕا بوو

مایس/ ٢٠٠٧ هەولێر

## درەختی دیار و ڕەگی نەدیار

لە بەینی شووشەبەندێک و
بەردی دەست منداڵێک
ڕاوەشاندن و ڕانەوەشاندن
ترس و پارێزی
شکاندن و نەشکاندن

***





لە نێوەندی هەورێکی تازە ڕسکاو و ڕەشتاڵە
لەودیو کێوەکانیشەوە لرمە لرمی گەواڵە
سەفەرێکی ڕاڕا
بچم... یا نەچم؟!

***

لە نێوەندی تۆی ئازیز لەوێ و
منی غەریب لێرە
ڕەزێکی عەوداڵ و تێنوو
ژمارەیەکی پەردەپۆش
مۆبایلێکی ماندوو

***





لە نێوەندی گەرمی ژوور و
ساردی دەرەوەی
جامی تەم گرتوو
لە ترسی بنە دڕکێک
گوڵ ناوێری
لەسەر تەمی ئەو جامە بنووسێ
وەرە ژوور ئەی پەپوولە
بەجەستەمەوە نووسێ

٢٠٠٨/٢/١٥ هەولێر

## چڵ و چرۆی داگیرساو

١

یاخە و بەرۆکی کراوەت
سایدێکە و سەدان چاوی پیا
تێپەڕ دەبێ
یاخە و بەرۆکی کراوەت
گۆشەیەکا ژمارە حەوت ئاسا
بەرەو قوڵتایی
دەیان بێچووە حەزی تیا دەخنکێ





گومەزی ژێر ستیانەکەشت
دەنووکی باڵندە عەودالەکان پڕ خوێن دەکا
کە لە شەقەی (باڵ)یش دەدەن
وانەی فڕینیان لە بیر دەچێ

٢

گوڵ کە ئارەزووی هەڵدەستێ
سوور هەڵدەگەڕێ... دەلەرزێ
نم نم شەونمی لێ دەتکێ
هۆن هۆن خوناو (خون... ئاو)
تێکەڵ بەدڵۆپەکانی شەونم دەبێ
پەڕەکانی گوڵ وەک گۆناکانی تۆ بەبریقەن
تیشکی خۆر و پڕشنگی مانگ
تریسکەی ئەستێرە و ئاو
هەڵدەخلیسکێن لە سەریا
وەک گلێرەی چاو و لێوە تێنووەکانم
خۆ ڕاناگرن لە بەریا





٣

کە لە ئاودا مەلە دەکەیت
ئاو گوێڕایەڵە و ئارامە
شەپۆلەکانی ... بازنەکانی...
شەپۆل ... شەپۆل
بازنە... بازنە
لەنگەر دەگرن
کاتێ لە مەرزی تۆدا تێدەپەڕن
بازنەکان تێک دەشکێن و پەرت دەبن
شەپۆلەکان یەکتر دەبڕن
ئارەزووەکانیش بەسەر ئاوەوە
بڵێسەی گڕن

٤

لە پشت جامی ڕەش و جامی تەم گرتوو
ئەبیندرێی و ئەدرەوشێتەوە
هەڵبەتە وایە
دوڕ و گەوهەر چۆن دەشاردرێتەوە؟!





٥

ئەو شانە نوێیەی
بۆ یەکەم جار قژت پێ داهێنا
شانەی ڕانەهاتوو
شانەی ترساو
دانەکانی دەلەرزین و پێک دەکەوتن
تا ئەو ڕۆژەی پرچی زێڕینت
شانەی ڕام کرد و ڕێک کەوتن

٦

یەکەم ماچ
هەموو وشە تامەزرۆیە پەرتبووەکانی
کۆ کردنەوە و بوون بەڕستە
هەموو دەرگا داخراوەکان
ئەو دەرگانەی بە دەستە و نەزەر
لە بەرامبەریا دەوەستام
ئێستا لەسەر گازەرەی پشتن





٧

نازانم کێ منی گەیاندە ئەو (شۆڕەبی)یە
سەرم بشارێتەوە،
بۆن و بەرامی هۆشم هەڵفڕێنێ
لێم تێکچێ، سەرم لە بن قژی (شۆڕەبی)یە
یان لە ژێر پرچی شۆڕەژنێ؟!

٨

ئەگەر ئەو سەرما و سۆڵە نەبووایە
ئەو ئاگرە کۆی نەدەکردینەوە لە یەک جێگادا
ئەگەر ئەو جێگایەش نەبووایە
یەکترمان ناس نەدەکرد وەک ئێستا
سوپاس باران
لە ژێر چەترێکا کۆی کردینەوە
سوپاس سەرما
لە بەرئاگردانێکا خڕ بووینەوە
ئەوەتا لە تەکمەوەیە
لایەکم هەتاوە و ئەوەی تر نسار





٩

لەوە زیاتر خۆت جوان مەکە
ئەی ڕەزی ڕسکاو
چاوەکانم... دەستەکانم
گشت ئەندامەکانی گیانم
ڕاناوەستن لە ڕنینەوەی میوە شیلەدارەکانت
جوانییەکەت کە لە جوانی جوانترە
هەر بۆ ئاوێنە نییە
خۆتی تیا ببینی
ئەی کە جوانی
ڕۆژێ دێ و پیر دەبی
وەڵامی ئاوێنە وەک جاران نییە،
کاتێ تێی دەڕوانی
منیش وەک تۆ تەمەنم هەڵدەکشێ
ئەوسا ناتوانم بەتۆ نەڵێم جوانەکەی جارانی

١٠

لە تەنیشت خۆمەوە بوو
بەیەکەوە سەیری ئەو تابلۆیەمان دەکرد
دارستانێک بوو، زەرد هەڵگەڕاو
سیما و ڕوخساری پایزی پێوە
من نەمزانی ناخت تێکەڵ بەتابلۆکە کردووە
چوویتە نێو دارستانەکە و...
منت بەتەنها جێ هێشتووە
ئەو کاتە پێم زانی، ڕەنگی دارستان گۆڕا
درەخت بەگەڵاکانیەوە سەوز هەڵگەڕا
چڵ و چرۆی تازەی لێ ڕوا





١١

عیشق پایە پایەیە
من هەر پایەیێ سەر دەکەوم
تۆ بەرەو پایەی تر هەڵدەکشێی
نازانم چۆن دەگەینە سەر ئەو هەورەی
لە زەویمان جیا کاتەوە
لە چاوی ڕەقیبانمان دوور خاتەوە
دەست هەڵبڕین و بڵێین خوای گەورە
داڵدەمان دە و ...
جێی ژووانمان لەسەر هەورە!!

ت٢/٢٠٠٧ هەولێر

## جالاتیا

ئەی (جالاتیا)ی بەرد
تاشەبەردێک بووی، لە بەردی مەڕمەڕ
(بچمالیۆن) تۆی تاشی و تۆی کرد بەپەیکەر
ئەی ئەو پەیکەرەی
بەدەست و پەنجەی ئەو هونەروەرە
ملوانکەی زێڕ و گوارەی زێڕت لە مل و گوێ کرا
تاجی زێڕینت لەسەر نرا
چەپکە گوڵت لە بەرپێیەکانت ڕاخرا
ئەی ئەو پەیکەرەی
بەئارایشت و جوانسازی بچمالیۆن
بووی بەجوانترین کچی سەر ڕووی زەمین





لە بۆسەی جوانی تۆشدا
بچمالیۆن کەوتە نێو هەمان کەمین
لە پێناو تۆدا
بەرپێی ڤینۆسی بەفرمێسک تەڕ کرد
لێی کەوتە پاڕانەوە و نزا
تا ڕۆح و هەناسە و جووڵە
وەبەر گیانی بەردینت بخا
پڕشنگی جوانیت، کەوتە پرشە پرش و سەما
دیلانێی گوارە و

تریسکە تریسکی ملوانکە و تاجی زێڕینت
لە دووررا دەبیندرا
ئەی جالاتیای بچمالیۆنی سەوداسەر
وا ئیمڕۆ ڕێت کەوتۆتە لای (دوعا)
دوعا لێت دەپاڕێتەوە و داوات لێ دەکا
بگەڕێیتەوە ڕوخساری جاران
ڕوخساری بەرد... بەردێکی بێدەنگ
تۆی نەرمونیان
تۆی هاتووی لە (ئەمادیس)ی دوورگەی قوبروس
بەعەقڵی ئەوێوە





عیشقبازی دەکەی لەگەڵ بچمالیۆن
بەرگەی بەردبارانی جەهل ناگری
ئەگەر لێرەدا خۆشەویستی بکەی
بەئاسایی ناژی و بەئاسایی نامری
جالاتیای بچمالیۆن...
جالاتیا
جالاتیا

## ڕەش و سپی

لە دوورەوە لێم دیارە کێوەڕەش
نەوبەفر دای پۆشیوە
لێرانەشدا مەمکی سپی
لە ژێر کراسی ڕەشدا خەمڵیوە
منیش بەپاندانێکی سپی





بەمەرەکەبی ڕەش
لەسەر لاپەڕەیەکی سپی
نووسیم.. ڕاستی فەرمووە شاعیر
«شەوت لەسەر ڕۆژ داناوە»

٢٠٠٨/٢/٥ هەولێر

## کێڵگەیەک لە ڕووناکی

بەیانی کە خۆر هەڵات
چەند لاسکێکی لێ دەقرتێنم
لە تاریکایی ژێر ئەم زەوییەدا دەیڕوێنم
بۆ خۆم کێڵگەیەکم دەبێ لە ڕووناکی
کاتی ئاو بەناویدا گوزەر دەکات
وەک ڕوومەتی ئەو کچە جوانەی
لە شەودا دەپەڕێتەوە نێو کێڵگەکەم
پێی ئاوەدان دەبێتەوە دڵەکەم!!

٢٠٠٨/٢/٨ سلێمانی





## لە دابڕانێکەوە بۆ دابڕانێ

١

کاتێ ژوور سینەم
ژیلەمۆ بەخۆوە دەگرێ
قوڵپ دەدا ئاوی دڵ و دەکوڵێ
گەردەلوولێک لە ناخەوە هەڵدەکات
لەگەڵ خۆیدا دڵم لوول دەدات
فرمێسک لەسەر گۆنادا
وەک خونچە شیعرێ دەپشکوێ
دواتر وەک شلکە ڕێواسێک و...
دەنکە کریستاڵێک دەشکێ
درک ئاشکرای دەکا و
پەپوولە بەدەنگەوەی دێ
چەند سەختە گریانی دابڕانێ
چەند سەختە کوێرایی دابێ ئاگردانی
چێژووانێ!!

٢

تۆ ڕۆیشتی و
بێچووە حەزەکانم بەدوات کەوتبوون
لەگەڵ خۆر ئاوابووندا
بەنیازی ئاوابوون بووی
لە ئامێزی ئاسۆدا
کلچێوت لە دەستا بوو
لە هەوری ڕەشت هەڵدەهێنا و
چاوت ئەڕشت
قژیشت تێکەڵ بەپەلکەزێڕینەی
ڕەنگاوڕەنگ دەکرد
ناخی منیش وەک دوا ساتەکانی ئاوابوون
لە ئاسۆی سوورخندا دەسووتا
خوێنی غوربەت و تەنیایی شەوێکی تری لێ دەتکا

***





خۆر ئاوا بوو،
پشکۆکان بوون بەخۆڵەمێش
ئاسۆ دامرکایەوە
گیانلەبەرانی سەر زەوی
بۆ لانەکانیان گەڕانەوە
هەر من نەبێ
لە نوکەوە پشکۆکانی گیانم گەشانەوە
دەزانم ئەم شەوەیش
بەتۆڕی ئەندێشەمەوە دەنووسێی

دەخەوم لەگەڵمدا دەخەوی
بەخەبەر دێم لەگەڵما ئەدوێی
کاتێ بەیانیش ڕۆژ هەڵدێ و پڕشنگی هەڵداوێ
لەبار دەچێ خەون و خەیاڵم
تۆ لە شەقەی باڵ دەدەی و دەفڕی
منیش دێمەوە هۆش،
تەیرێکی بێ باڵم!!

نیسان/٢٠٠٦ هەولێر





## ئەو جوانەی لە جوانی جوانترە

١

بزانە خواوەندی جوانی چەند گەورەیە
چ هونەرمەندێکی کارامەیە
بزانە چ کەرەستەیێ

لە کەرەستەکانی سروشت و جوانی
ڕێک خستووە لە پێکهاتەیی تۆ
دواتر بەجوانناسێکی وەک منی سپاردووە
تا پەیڤی دانسقە هەڵبژێرم
بەڕستەی شەوق و شوعلەداری بسپێرم
بیکەم بەشیعر و
لە ڕێگای مۆبایلەوە بۆ تۆی بنێرم





٢
ئەمشەو مانگ جوانە خەرمانەی داوە
ئەوەتانێ لە نێو بازنەیدا
ڕوخساری خۆشەویستەکەمی تیا
ئەمشەو مانگ ڕاو دەکەم
ئەمشەو دەچمە سەر ڕووبار و
بەرایی لە مانگ دەگرم

شەپۆلەکان هەڵی دەگرن و دەیهێنن
منیش دەیگرمەوە
دەیخەمە ناو سینگ و باخەڵمەوە
بەقژە نەرم و نۆڵەکەم وشکی دەکەمەوە
ئەمشەو لە ناو جێی و باڵینگانمدا
لە جەستە و گیانمدا
دەیهێڵمەوە
بەڵام ئەفسوس... ئەفسوس
بەیانی کەڵەشێرەکان زەنگم بۆ لێ دەدەن
هەتاویش لیفەکەم لەسەر لادەدا و
ڕەشەیییەکان سپی دەکاتەوە
پەلی مانگ دەگرێ و دەیباتەوە!!





٣

ڕاکشا بوو
لێی نزیک کەوتمەوە
ڕووناکییەکەی وەک ئاوێکی شەختەبەند
شووشەیی بوو
لێی نزیک کەوتمەوە
گەرمایییەکەی باوەشێکی حەسرەتبار
زیاتر لێی نزیک کەوتمەوە
بێدەنگییەکەی تەلەسمێکی مەترسیدار
زیاتر و زیاتر لێی نزیک بوومەوە
بەسێبەرەکەم دام پۆشی
بۆ نەکرا ڕووناکییەکەی خەفە کەم
تەلەسمە بێدەنگییەکەی بڕەوێنمەوە
خۆم بەخۆم گوت

ئەتۆ خۆت کردە ڕاوچی و سێبەریش تانجی
ئەمجارەیان نۆرەی خودی خۆتە
وەک خۆت، وەک حەقیقەت
تەکانم دا بچمە شوێن سێبەرەکەم
هەنگاو هەنگاو چوومە پێش
چووم... چووم... هەنگاو... هەنگاو
لەپڕ بەخەبەر هاتم
لەباریەک چوو خەونی خاو و خەیاڵی نەبرژاوم
بوو بەهەڵم و هەڵفڕی لە بەرچاوم!!

٢٠٠٧/١١/٧ هەولێر





## لەو شەوە بترازێ وەک ئەو شەوە نابم

دوێ شەو، مانگەشەو بوو
لە داوێنی کێوی هەڵگوردا گیرسامەوە
مانگ لێم دوور بوو
لەو شەوە بترازێ، شەوێکی تر
لەسەر ترۆپکی هەڵگوردا شەو بەسەر دەبەم
لە مانگ نزیکتر دەبمەوە

ڕایەڵی تیشکەکانی قەفە دەکەم
وەک دەسکەنە قژی دەستگیرانەکەم
لێکیان دەئاڵقێنم و دەیانکەمە گوریس
زەمبیلەیەکیش پڕ پڕ دەکەم
لە هەناری میهر و سێوی نیاز و
هەرمێ دڵگەرم و (بێ)ی بۆن خۆش
پڕ پڕ لە چریکە و جریوە
پڕ پڕ لە پرمە و حیلکەی ئەسپەکان
لە خەندەی دڵداران و گۆرانی عاشقان





بەو گوریسەوە دەیبەستم
بە (مانگ)یش دەڵێم
هەڵیکێشا ئەی مانگ
تا تەبەشت دەوڵەمەندتر و گەشتر خۆی بنوێنێ
پڕشنگە تیشک هاوێژەکانت
لە ڕۆژان زیاتر بەشەوقەوە خۆی بنوێنێ

٢٠٠٥/٥/٢ هەولێر

## گوڵی حەقیقەت

١

دەڵێی لە ناو سینگمەوە
ئاهەنگێکە و ساز دەکرێ
دەڵێی لە ناو سینگمەوە
دەهۆڵێکە و دەکوترێ
دڵمە و هەڵدەپەڕێ





سەعات میلەکانی تەپن
وەک ڕۆژانی تر ناسوڕێن
دیارە نازانێ، من و تۆ
لەسەر هێڵی وادەین
دوای چەند ساتێکی تر
دونیامان لێ دەگۆڕێ

٢

لە بریقەی ئاو هەڵکێشرا بوو
بەتریفەی مانگ و پڕشنگی هەتاو
شورا بوو
بە تیشک و ترووسکی یاقووت و کریستاڵ
چاوی هەڵهێنا بوو
بەئەڤینی و تریقانەوەی بەرائەتی منداڵێک
ڕاهێنرا بوو
چرۆی ئاوات و گوڵە گەشاوەکانی ئایندەی
بۆ ڕاخرا بوو
لە هەرێمی تاریکیدا ڕای کردبوو
بە ئازادییەوە نووسا بوو





لاسکە گوڵێکی دەستکردی نایلۆنی
بەدەستەوە بوو
هاتە ژوورەکەم...
پەرش و بڵاو بۆوە،
موعەتتەر و بۆنی لیمۆکانی ژێر باخەڵی
سووری خوارد خوێنی تازەی دڵەکەم
بەڕەوە هەنگ و پەپوولەش
ورووژانە ژوورەکەم
بۆ ئەو گوڵە دەستکردە نایلۆنە نەبوو
بولبولێک لە دەرەوەدا چریکاندی و گوتی
ئەوە بۆ گوڵی حەقیقەت بوو
تۆی گوڵ... تۆی حەقیقەت!!

٢

ئەمشەو ئەستێرە و گوڵینگ و ئاورینگ
دەبارێ
پۆرگی نەتەقیوی حەسرەتبار دێتە خوارێ
من لە دامێن و ئەو لە بنارێ
مێوانێکی ئازیزە هاتووتە شارێ
شاری دڵم!!





٣

بەو زستانە سەختە هاتی
هاتی و لێم بەژوور کەوتی
هاتی و ژوورەکەم گەرم داهات
ئینجانەکان کەوتنە جووڵە و خۆ ڕاوەشاندن
گوڵە سەرکزۆڵ و سیسەکان
گوڵە خەوتووەکان...
سەریان قیت کردەوە
کاتێ منیان لە ئامێزی تۆدا بینییەوە
بەهاریان کاندید کرد و
دەسەڵاتیان لە زستان سەندەوە!!

٤

ئەگەر بەخەیاڵی چاوی تۆ
پێکێک پێم لە زەوی دابڕێ
چ جای تۆ بەرامبەرم بی و
شووشەم پێ بەتاڵ کەی
دەبێ چەند باڵم لێ بڕوێ؟!

٢٠٠٤/٤/٦ هەولێر





## ئارەزووە زیندووەکان

١

وا ئەمشەو جارێکی تر
قەتماخەی زەخمەکانم هەڵداوەتەوە
زامەکانم بەسوێن و غوربەتیان لێ هەڵدەقووڵێ
خەیلێ لەو خۆشەویستانەی بزرم کردبوون
لە ئەلبۆمەکەی خۆمدا دۆزیمەوە
خەیلێ لەوانەی جحێڵ بوون و

پیری ونی کردن
ئەمشەو دۆزیمەوە
بەقووڵاییی (شەویش)دا شۆڕ بوومەوە
خەریکە دەرگە بەدەرگە
کلۆمەکان دەکەمەوە
هەنگاو بەهەنگاو
ئارەزووەکان زیندوو دەبنەوە
قەڵەمەکەم وەک خۆم، خەو نەچۆتە چاوانی
شیعر ئاسان نییە بۆ تۆ بنووسرێ
ڕستە ئاسان نییە بۆ تۆ لێک بدرێ
بەم پایزە ناوەختە
گوڵ لە کوێ بێنم،
چۆن چۆنی چەپک دەکرێ
مەیێ و لە دەرگەم مەدە
نەخشەی هۆش و پلانی وشەکانم لێ تێک مەدە
با درەنگتر بێی و نێوانمان دوورتر بێ
تا هۆنراوەم کەسکونتر و سوورتر بێ!!





٢

لە دارستانێکدا
لە ژێر ئەو درەختەی دوو دڵدار
ڕاز و نیازی خۆیان گۆڕییەوە
پەیمان و گرێبەستی خۆشەویستیان
لە قەدی درەختا هەڵکۆڵی
زەمەن ڕۆیی و ساڵ تێپەڕی
داربڕێک چەند لکێکی لە دەست و پەنجەی

درەختەکەدا بڕی
خوێن لە زامی درەختدا
بەسەر پەیمانبەستەکەی دوو دڵدارەکە
دەچۆڕایەوە
درەخت پشکۆی گەشی ناخ و
سۆزئامێزی دەچووزایەوە
نەک بۆ زامی لک و پەنجە بڕاوەکانی
زیاتر بۆ شوێن زامی تەڕی ئەو پەیمانەی
بەدەست و پەنجەی دوو دڵدار
هەڵکۆڵدرا بوو
کە قەدەر وای کرد بۆ یەکتر نەبن
سەریان هەڵگرت بۆ دوو شوێنی جیا
هەریەک لەو دووانەش بەیادی ئەوی تر دەژیا

٢٠٠٨/١/١ هەولێر





## لە دوو وێنەی جیادا

١- چرکەساتێک
تەنیا چرکەساتێک بەر لە ئێستا
وێنەیەکی جوان بوو
بەشەقام و شۆستە و سێبەر و درەختەکانی
بەماڵانی دەوروبەر و
مینای ڕووناک و پەردەی ئاڵ و واڵاکانی

بەپاسکیل و ترومبێلی سەر دڵی شەقام و
بەو مرۆڤە دڵگەرمانەی وەک مێروولە
دەڕۆیشتنەوە بۆ سەر ئیش و کار
بەو منداڵانەی (بای بای)یان بەدەست دەکرد و
ماچیان هەڵدەدا بەزار
وێنەیەکی جوان بوو
بەو بەردە خڕ و بێدەنگانەی





لە قووڵاییی خەو و بێدەنگییەکەیدا بوون
چرکەساتێک
تەنیا چرکەساتێک بەر لە ئێستا
بەر لەو بڵێسە هەڵچووە

بەر لەو گرمە هەڵوەشێنە لەبار چووە
وێنەیەک بوو لە جوانیا جوانتر
بەڵام دەستی پیلان بۆ وێرانکاری
سروشتی ئاسایی لەبەریەک هەڵوەشاند
لە بەردەم ئاوێنەی شکاودا
شێوەی نەوبووکی شێواند





باڵندەکان
ئەوانەی هاوگوڵ و گەڵای درەختەکان هەڵوەرین
یا بەباڵی هەڵکڕووزاو بەرز بوونەوە بۆ تەوقی ئاسمان
نوزە و نزا بگەیننە خوا
پەردەکان بەهەواوە کەوتن
(مینا)کان... پەنجەرەکانیان جێ هێشت

تیژ و تف و تاڵ نەیانتوانی خۆ بپارێزن
لە زامدارکردنی ماڵ و منداڵ
ئەم هەوارە، بەجەستە و ڕۆح و ئارەزوو
پارچە پارچە
بەخوێن... سوور سوور
بەدووکەڵ... ڕەش ڕەش
وەک دڵ و دەروونی تیرۆرستان
چەند ... چەند ... چەند ئەستەمە ئەی خودا
ئاوا گیانی بوونەوەران و
تەونی جوانی لەبەریەک ترازا
ئەی خودا!!

مایس/٢٠٠٧

* لە ژمارە ٢٥١٦ لە ٢٠٠٧/٦/٥ لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاو کراوەتەوە





## بەرسیسی عابد

### چیرۆکە شیعر

سەرەتا

١- بنچینەی ئەم شیعرە لەسەر بیرۆکەی ئەو دەقە بنیات نراوە کە (فەقێ تەیران)ی شاعیر نووسیویەتی، دەقی دەستنووسیش مامۆستای بەڕێز عەبدولڕەقیب یوسف بۆی ڕەوانە کردووم.

٢- ئەم حەکایەتەم بەشیعر داڕشتوە لە دوو توێی ستایلێکی تازەتر بەزیادکردنی چەندین وێنە و تابلۆی هەمەجۆر لەگەڵ گۆڕانکارییەکی کەم لە بنەماکانی بیرۆکەکە بەجۆرێک کە لایەنی خێر زاڵ بووە بەسەر لایەنی شەڕ.

٣- بۆ دەرهێنەرانی شانۆ دەشێ ئامادەی بکەن بۆ سەر شانۆ بەو پێیەی ڕەگەزی شانۆیی تیا دەبیندرێ.

## بەرسیسی عابد

١

– ژوورێکی لاکێشەیی، لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا، پیرەمێردێکی
ڕیش سپی و خاوێن، عەینگی لە چاودایە.
شوێن: گوندێکی ساکاری قەدپاڵی شاخێکی بڵند.
وەرز: زستانە
کەسەکان: چوار کەس لە لای مامەپیرە دانیشتوون،
هەرچواریان مامۆستای ئەو گوندەن.

***

یەک لە مامۆستاکان (مامە... مامۆستا گیان... وەک بزانم دەربارەی
کەڵەمێردان، خواپەرست و عابد و ڕووناکبیران





ئاگایی تەواوت هەیە
لە خەلە و خەرمانی دەستی ئەم بوارەدا
هەستێکی بەراوت هەیە
منیش پەرۆشی پرسیارم
هەرچەندە یەکەم جارە پێت گەیشتووم
بۆ زانینی هەندێ لەو زانیارییانە تێنووم

– فەرموو کوڕی شیرینم
فەرموو... فەرموو
هەست نەکەیت دڵت بشکێنم

– وەک بیستوومە مامە گیان
پەندێک هەیە لە بەهدینان
ئەگەر کەسێ ڕەنجەکەی بەفیڕۆ بڕوات
پێی بێژن
«هەروەکو عیبادەتی بەرسیسی لێ هات»





– قسەی دەبڕێ و... باشە کوڕەکەم... من دەزانم چیت گەرەکە
بەڵام ئەمشەوە دەبێ درەنگ بچنەوە
یا لە لای مامەی خۆتان بمێنێنەوە
قسەکانم درێژە دەکێشێ
وێنەکان وێنەی تر ڕادەکێشێ

(پشت دەداتە سەرینەکەی و قاچەکانی لێک ڕادەکێشێ
مژێکی قووڵ لە جگەرە دەدات، چاوەکانی لە ناو مارپێچی دووکەڵدا
تەماوی دەبێت)
– ئێی بەرسیسا
سەربردەی تۆ
چەپکێ نێرگزی گەش و سیسا

***





باوکی بەرسیسا هەژار بوو
نیوەی تەمەنی لە شار بوو
شاریش، شاری شام بوو

ڕۆژ تا ئێوارە لەم شارە
باخچەی ئەم و ئەوی چاک دەکرد بەپارە

کاتێ وەرزی مەڕ بڕینەوەش دادەهات
ڕووی دەکردە، گوند و دێهات

دوو مەقەستی لە دەستا بوو
یەکێکیان بۆ بڕینەوەی...

گەڵا و دڕک و داڵی بەدفەڕ
ئەوەی تریان، بۆ بڕینەوەی خوری مەڕ

بەرسیسا هێشتا منداڵ بوو
لەگەڵ باوکیدا لە ناو ڕەز و باخان بوو





گۆپکەی گوڵە باخی دەگرت
ماچی دەکرد

دەستی بەسەر خونچەکانا دادەهێنا
پەپوولەی ڕاو دەنا
بۆ شۆڕەبی و سێو و هەرمێ
خۆی هەڵدەدا
ساتمەی دەکرد، بەر دەبۆوە
ڕاست دەبۆوە
دەکەوتە ناو دۆندڕان و...
دڕکزی لە پەنجەی ڕادەچوو
کڵاوەی ئەژنۆی بریندار دەبوو
ئاشنایی لەگەڵ چۆلەکان و
باڵندەی ڕوح سووکا هەبوو

لە کاتی مەرِ برِینەوەش
ئەم گوند و ئەو دێی پێ دەکرد
لەگەڵ خۆیدا دەیهێنا و دەیبرد
زۆر هۆشیار بوو
بەپرسیار بوو
بابە... بابە، ئەوە چییە؟ ئەی بۆ وایە؟!





کاتێ تەمەنی گەیشتە پازدە ساڵان
خولیای عیشقی خودا
لە کەللەی دا
بادەی خۆشەویستی نۆشی
لەیەک ئاڵان کەلە داوەکانی هۆشی

کاسەی سەری پڕ پڕ ببوو
پڕ ڕووناکی
نهێنی نێو ئەو گەردوونە
خستبوویە سەر دەشتێکی کاکی بەکاکی

دار و بەردی لە بەر دەدا
سۆزی دەروونی حەی دەکرد
گوڕی گەرمی لێ هەڵدەستا
***

کوڕەکانم
بەرسیس هێندە لە یەزدانی خۆی دەترسا
ئیتر کار لە کار ترازا
شەڕابی تەقوا مەستی کردبوو
ناڕەوایی شار پەستی کردبوو
بڕیاری دا... پشت لە شار کا
بەرزاییی کێوێک نزیک لە پایەی خوا
بکاتە خەڵوەت نشینی
تاعەتی خۆی تیا بکا





«ئیدی ڕووی وەرگێڕا و وتی:»
من کۆترێکی سپی و سادە، بەرزە فڕم
نامەوێ بەسەر ئەم شارەدا هەڵفڕم
دووکەڵی سەر کارگەکانی ڕەشم دەکات

لەم شارەدا
گورگەمێش و دەهۆ و دەڵەسەی زۆر زۆرە
هەریەکێ لە پەنای ڕەنگێ
سپییە، شینە، زەردە، مۆرە





هەتا چەپکە تیشکی (خۆر)یش
بەیەکسانی دابەش نابێ
کۆشک و تەلاری دەوڵەمەند و خواپێداوان
بەری لە هەتاو گرتووە
خانووچکەی هەژارانی لێ بێبەش بووە

لەم شارەدا، گوێت لە سیرەی
هەڵۆ و سەقز نابێ
نابیستی هاژەی تاڤگەیێ
قرە قری قەلەڕەشەکان
یا خورە خوری ڕووبارێ
تەنیا تەوس و توانج وەک باران دەبارێ

زۆرە... زۆرە...
مرۆی لەپ ڕەش، زیندەکوژە
کچی بەفێڵ وەک ئەستێرەی کاروانکوژە

هەر کەشم و نەشم و کێشمە کێش
پاڵەپەستۆ و فشار و ڕاپێش ڕاپێش





٢

وەرز، بەهارە و بەیانییەکی زووە
هەلالە و بەیبوون سەریان لە خوناو گرتووە

تازە کەل کەل، کەزی زەردی بەرەبەیان
پەرش و بڵاو دەبۆوە
بەسەر دوند و شان و ملان

شنەی فێنک
هەڵدەکاتە سەما و سوڕدان
دەشتێکی فراوانی داوەتە پێش خۆ
ورد ورد هەنگاو دەنێ بەکاوەخۆ

کەشکۆڵێکی داوەتە پشت
شڕ و شیتاڵی تیایە

دیارە مەقەستی (کاسبی)یش
لە نێو هەمان کەشکۆڵایە

نەیویستووە نانی هاو(دێ)یەکان بخوات
لای ئەو نەنگییە مشەخۆری و
بێ کار و لات





**تابلۆی یەکەم:**

ئەو مرۆڤە خاوێنە شانی داداوە
پێی لەسەر زەوی داناوە
سەری سەودا سەری ڕێگا
ئەرکی ماندووبوون نازانێ
کاری بەندە بەئاسمانێ

دیارە بە ڕوویەوە دیارە
وەک لەپکەی شینی چاو و زار
کە دراوە لە کورتەکی منداڵێکی هەژار

دیارە بە ڕوویەوە دیارە
وەک ئەو کەروێشکەی شۆڕ کراوەتەوە
بەبن زگی ئەسپێکەوە
کە نیشانەی سەرکەوتوویی سوارەکەیە
دەست بەتاڵ نەگەڕاوەتەوە لە ڕاو
دیارە... دیار

***





هەنگاو هەنگاو... پێدەشت و دەر
دەبێتە هەڵەت و پەڵەت
بەدیار دەکەون گرد و شاخی کەڵەگەت
(لە سێوکانێ دەسووڕێتەوە)
لە دووڕا، کۆمەڵە شاخێک دیارە
هێشتا قەدی بەبەفرە و ڕەش نەبۆتەوە
وەک ڕوخساری کەوڵە پڵنگ
پەڵەی سپی، ڕەنگی ڕەش، لێک جیا دەبێتەوە

**تابلۆی دووەم:**

لە تەریکە ڕێ لادەدات
– با لە ژێر ئەم درەختە ڕووتەڵەیەدا
پشووێ بدەم
سێبەرێکی تەنکی هەیە
وەک لبادێکی کون کونە
دەڵێی مۆرانە لێی دایە
ئەم درەختە، درەختێکی هاوزەمانە
هەرکە غەریبێ دەبینێ





خۆی لە فرمێسکا هەڵدێنێ
ئێوە گریانی درەختتان بینیوە
چۆن گەڵا و چرۆکانی دەوەرێنێ
ئێوە نامۆیی و تەنهاییتان بینیوە
چۆن مرۆڤ دەهەژێنێ؟!

***

دوای تۆزێ پشوودان
دوای خۆ دانە بەر تەکە تەکی گەڵاکان
ناوی خوای لێ دێنێ
بەرەو دوایین هەوراز مل دەنێ

***

٣

ئێوارەیە، لە سووچی دامێنی گەوەی شاخێکەوە
کوێرە (دێ)یەکی چەند ماڵی دێتە بەرچاو
لە لاپەڕگەی ڕێگاکەوە، سڵاو لە جووتیارێک دەکا
وا خەریکە بەگاجووت کێڵگە دەکێڵێ،
– خاڵەی جووتیار
کاکی دەروێش ... کاکی دەروێش
دە فەرموو وەرە پێش
جامێ دۆی سارد هەڵقوڕێنە
وا دیارە لە دوورەوە هاتووی
ماندووی

– بەرسیسا لادەدات
خاڵەی جووتیار بەوەندە ناوەستێ و
ڕێگای نادات
لەگەڵ خۆیدا بۆ ماڵەوەی دەبات

***





بەیانییە،
بەرەو دوند و کەپک و ملە، هەنگاو دەنێ
ڕێگا یار بێ، بۆ عابدێ... ڕەبەنێ

ڕێگا ڕەوەز و بەردەڵان و ڕکەیە
لە لای ئەو بەرزترین شوێن

ئەم کێوە نییە و ئەوەیە
بەڕێوەیە و بەڕێوەیە

وا خۆریش گەیشتە ناوەڕاستی ئاسمان
خواستەکەی دەستی داوەتە بەر سینگی
قەت شل نابێ، چۆک و لینگی

هەست ناکات کە ماندووە
درەنگانێ لای ئەو زووە
مرۆڤێکە و خواپەرستە
ئەرکی ئەو بەئاسمانەوە پەیوەستە

***





**تابلۆی سێیەم:**

گردێک گۆڕستانێکی بەسەرەوەیە
مێگەلە مەڕێک بەم ناوەدا وەربووە
لە ژێر سێبەری پیرە دارێکیشدا
سەگێکی زل وەرکەوتووە
شوانێکیش لەسەر تاشەبەردێک
دانیشتووە
لە خوار گۆڕستاندا
گوندێکی جوان ڕاکشاوە

لە کۆشی کێڵگەکانیدا
هەر تریسکە تریسکی ئاوە
بەرسیس... پاش سڵاو لە کاکەی شوان
سەیری خوار گردەکە و گۆڕستانەکە دەکات





ئاهێکی قووڵ هەڵدەکێشێ
خۆی لە تەمی خەمێک دەپێچێ
دەڵێت... من دەزانم
ئەم گۆڕستانە دێرینە
سەر بەم گوندە کۆنەوەیە
لەم گوندەدا
لەدایکبوون و گەورەبوونە
کچەکانیان بەشوو داوە

هەر لەم ناوە
لە ماڵێکا بۆ ئەوەی تر
بەئاهەنگ و زەماوەند گۆزراونەتەوە
تەمەن بەسەر چووە و پیر بوونە
ساڵ ڕۆیشتووە مردوونە
ئەمجارەیان
بەشین و شەپۆڕ گوازراونەتەوە ئێرە
یادی ئێرەش ئەم گۆڕستانە
شنە و سروەی کارێزێکی تەزیوە
بای سەر فەرشە سەوزەکانی
ڕۆخ جۆگەلە و، ڕووباری دنیا دیوە
تۆ بڕوانە، لە ژێر چنگی ئەم خاکەدا





چەند دڵداری حەسرەت لە دڵ
پەنجەکانیان بوونەتە گوڵ

دەڕواننە... گوند و ماڵەکان
دەڕواننە... جێی ژوان و بنەداران
دەڕواننە... خرۆشانی هەواران
دەڕواننە... ئێمە و ئەوان

– کاکەی شوان
تۆ بڵێی ڕۆژێ ئەم عەوداڵ و دڵدارانەی
لەم گوندەدا بۆ یەک نەبوون
لەم گۆڕستانەدا پێک بگەن؟!
ئەم نهێنییەی لەم گوندەدا، مەڵاس ماوە
ئا لێرەدا، لەیەک بگەن؟!





– شوانە
ئۆی برای دەروێش
هەموو دڵمت کردە سوێ و ئێش

(ڕادەکێشێتە شمشاڵەکەی و دەڵێت:)
دە گوێ هەڵخە بۆ شمشاڵە بەسۆزەکەم
با ئاگر لە دڵی تۆ و لە خۆم بەردەم
دڵم بەردیش بووایە دەبوو بەئاو

٤

**«جارێکی تر لە ژوورەکەی مامە پیرەدا»**

– (چا)یان تێ دەکەن
جگەرەش پێ دەکەن
«جگەرەیەک بۆ مامە پیرە ڕادەگرن»
– مامە پیرە
کوڕم خوا دەست بەعومرتانەوە بگرێ
نەکەونە بەر کۆسپە و گرێ
بەم جگەرانە دەکۆکم
– قوتووە سپییەکەی دەردێنێ
جگەرەیێ دادەگیرسێنێ
«لەو دەمەدا»
[بۆرە مشکێکی پوتەڵەی بچکۆلانە
بەخرتە خرت دەردەپەڕێ]





مامە پیرە... هەی سندانت لێ دەرێ
چ پیسە پیس
لەبەر بچووکی و لاوازی
بەتەڵەش وەنابێ
مەرگی یەکەڵا بێ
– مامۆستایەک
(باشتر وایە، نانی چەوری بۆ دانێن
تا قەڵەو بێ
ئەوسا دەستەوگیری تەڵە بێ)
(هەموو دەدەنە قاقای پێکەنین)
مامە پیرە: بزەی بەسەر لێواندا هات... گرژییەوە
جوانە... جوانە
ئەم پیلانە

***

مامە پیرە: بگەڕێینەوە سەر باسی بەرسیس

با گوریسەکەمان لێ نەبێتەوە ڕیس

بەڵێ... بەرسیس بۆ ناو گوند شۆڕ دەبێتەوە

ڕێگا بەرەو ماڵان دەبێتەوە

کات: دەمەو نیوەڕۆیە

لە ژێر قەمتەرە لە هەیوانا

زارۆک بازنەیان بەستووە

ژنێک لەبەر سێڵی نانی ڕوونیشتووە

نانێکی گەرم لەسەر سێڵەکە هەڵدەگرێت

بۆ کاکەی دەروێش دەنێرێت

لە لاپەڕگەی ئاواییدا

لە چیمەنێکی تەریکدا

دەسکەنە سەوزەیەک دەکات

لەگەڵ نانەکەدا دەیخوات

لەو شوێنەدا





گوێی بۆ گوڵە مێخەکێ هەڵخستووە

– لەشکری دڕی ئەهریمەن

چییان دەست کەوت قرتاندیان

ئەوەی تریان شکاند و هەڵیان وەراند

گوڵێکی سوور بەتەنیا

سەری خستبووە سەرشانی

گەڵایەکی سیس و ڕەنگ زەرد

دەگریا و دەگریا
– بۆچی دەگری؟
بۆ ئەوە ناگریم ماوم تەنیا
هەتا بۆ ئەو خونچانەی قرتاندیان
قایمیان کرد لە یاخەیان
من بۆ ئەوە دەگریم
ئەی بۆ منیان هەڵنەوەران
وەکو ئەوان؟





٥

گیرسایەوە... گیرسایەوە
لە قەد کێوێکی بڵند
ئەشکەوتێک بووە جێی خەڵوەت نشینی
بەبەردیشا
سەنگچینی نەوی هەڵنا
لە نزیک ئەشکەوتدا
کۆلکە دارێکی ڕووتاوە
کانیلکەیەکی جوان و ڕوون
لە خوارەوەیش
گوند و کەپر و ڕەشماڵ هەبوون

لەگەڵ کێوییانا دەژیا
ژەمی خواردنیشی بووە
میوە، کوارگ، قارچک، گیا

شەوان لە دەورەی چەند پۆلوە پشکۆیەکا
هەڵدەکوڕما
بەتەسبیحە دەنک قەزوانیەکەوە
خەریکی زیکر و شەونخوونی بوو





لاواز و زەرد هەڵگەڕابوو
توانا و هێزی نەمابوو
بەرسیسا گەیشتە پلەی
پیاوچاکانی خوا
ناوی وەدەر کەوت لە گشت لا
بەیانیان خەڵکی دەچوونە لای
بۆ نزا و تیماری نەخۆش و کەسادان
لێکدانەوەی خەون و مراز
دڵدانەوەی نامورادان
لەم کێوەدا، ئەو مرۆڤە بەکەڵکە بوو
زانا و ئەستێرەناسێکی ئەم خەڵکە بوو

**تابلۆی چوارەم:**

کات: ئێوارەی پایزێکی درەنگە
پەڵە هەورەکان باوەش بەیەکا دەکەن
ئەم ناوە ڕەش هەڵگەڕاوە
برووسکە خەنجەرێکی ڕووتە و
لە چەخماخە دەدا و...
لە ناو پەڵە هەورە ئاوساوەکانت





دەبریسکێتەوە
شریخەی گەواڵە
لەم دۆڵ و ئەو دۆڵ دەنگ دەداتەوە

بەرسیسا، باوەشێ داری قەڵاشکەری
قەد قەد دەکا و
بۆ ژوورەوەی ئەشکەوت دەچێتەوە
بەتاشەبەردێکی گەورە
دەرگاکەی دادەخا
ئیتر هەر خۆی و هەر خوا

***

٦

ئەهریمەن بەم کارەی زانی
ئاگر بەر بووە گشت گیانی

زانی مرۆڤێکی پاک و خواپەرستە
چاکە ویست و خۆ نەویستە

باس باسی ئەوە لەم هەوارە
ئەگەر زەفەری پێ نەبا
برینە و تەشەنە دەکا





ئەهریمەن خۆی گەیاندە عابد
پێی وت... بەرسیس

ئەوە بوو بەشێست و نۆ ساڵ
گوزەرانت کرد لەگەڵ ژیانێکی
تفت و تاڵ
هەر دەستەو نزا دەوەستی
خوای گەورە دەپەرستی

وا من پێت ڕادەگەیێنم
نابێ دەرچی لە فەرمانم
جێبەجێ بکە قسەکانم

ئەوەندەی چاکەت کردووە
دەبێ ئەوەندەی تر خراپ بنوێنی
بۆ منیش سەر دانوێنی

بەرسیس: ئەتەوێ چی بکەم ئەی ئەهریمەن

ئەهریمەن: شەڕاب بنۆشە
بەرسیس: حەڕامە، بەدوورم لەم بیر و هۆشە





ئەهریمەن: دەنا ئاوی ڕووی ئافرەتی بتەکێنە
بەرسیس: زینا ناکەم، لەم ڕووەوە مەمدوێنە

ئەهریمەن: خوێنی مرۆڤی برێژە
بەرسیس: ئەمەش ناکەم (قەتڵە)
ئەهریمەن: لەبەر خۆیەوە... نەء زۆر لامڵە

ئەگەر من ئەهریمەن بم
دەبێ لە خشتەت بەم
هەرسێ کارت پێ بکەم
هەڵسایەوە سەرپێ
وتی: بزانە چۆن ملت دەقرتێنم
وەک هەڵەکۆک، لە ڕیشەوە دەرتبێنم
(ئەهریمەن دەڕوا و بەرسیس جێ دێڵێ)

***





«ئەهریمەن لەگەڵ خودی خۆیدا دەکەوێتە لێکدانەوە و داڕشتنی پلان»
بگرە و بەردە و وەرە و بڕۆ
دەگەیشتنەوە یەک دوو برۆ
جۆگەلەی بیری پڕ بوو لە فێڵ و دەهۆ

کەوتە ورتە ورت، بۆڵە بۆڵ
کەوتە چالاکی و جموجۆڵ
وتی: دۆزیمەوە... ڕێکەوت
باشتر وایە، لە نزیک ئەشکەوتەکەی ئەو
ئەشکەوتێک بکەم بەخەڵوەت

جلی عابدی لەبەر کرد
خواپەرستی و زیکری دەکرد

ئەنجامی کار بەوە گەیی
پیلانیش مەیسەر بوو و مەیی





بەرسیس، سەری لەم پیاوە چاکە سوڕما بوو
لە مێشک و دڵیا چەسپا بوو

ئەو مرۆڤە مرۆڤی چاکە
پێویستە برادەری لەگەڵ پەیدا کا

بوون بەهەڤاڵ
بوون بەخۆشەویستی یەکتر
پێکەوە دەکەوتنە تەهلیلە و نوێژ و زیکر

***

«ڕۆژێکیان ئەهریمەن بەبەرسیسەی گوت»
ئەی برادەر
تۆ نابێ ئاوا بی تا سەر
بێ خودان و شێخ و ڕەهبەر
چۆن لەیەک جیا دەکەیتەوە خێر و شەڕ
بەرسیس وەڵامی داوە
– شێخی من (خدر) و (ئەلیاسە)
ئەهریمەن: نەخێر ... نەخێر من بناسە
دەتخەمە سەر لەپ و چنگم
دەفڕین بەرەو مەقامی
پلە و پایەی یەزدان
دەفڕین بەسەر
پانتاییی دەشت و دەریاکان





بەرسیس: باشە چۆنت پێ بڕوا بکەم
ئەی هاوڕێکەم؟
ئەهریمەن:
(سەیرکە تۆ سەیرکە، پەڕ و باڵ و چنگ و پۆ لە ئیبلیس پەیدا بوو، بوو بەباڵندەیەکی گەورە و بەرسیسی خستە سەر چنگی خۆی بەسەر دەریای عومانەوە سوڕایەوە، لە پاشاندا، هاتنەوە شوێنی خۆیان)
بەرسیس، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و... وتی:
بڕوام پێت هات ئەی برادەر
بۆ من بوویت بەشێخ و ڕەهبەر

***

٨

میرێک هەبوو
دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار
لەم ناوچەیەدا سەردار بوو
کچێکی قەشەنگی هەبوو
زۆر خۆشەویست و نازدار بوو

بەژن کەڵەگەت و چاوکاڵ
شۆخ و ڕەسەن، ئەسپە شەلاڵ
«ئەهریمەن بوو بەشەولەبان و چووە خەونی»
جوانی فڕاند
دەموچاوی وا ڕەخساند
وەک سەرە بەراز و مرۆڤی دۆزەخی
ڕوخساری پێشووی شێواند





کچە لێی بوو بەلەرزوتا
میر گوتی، کچەکەم فەوتا

وەک کانی قەوزە دای پۆشێ
میران بەرچاوی تاریک بوو
وتی: هەی هاوار کچەکەم وەک فەریک بوو
بۆ وای لێ هات
هەیهات هەیهات؟!

***

میر وەستابوو... دەی کوڕینە
کاتی هەوڵ و تەقەللایە
ڕزگاری کەین لەم بەڵایە

دەی بۆم بانگ کەن
ئەستێرەناس، فاڵگرەوە
حەکیمان... دەرمانگرەوە

***

بەڵام ئەنجام...؟

***

میریان ئاگادار کردەوە
ژمارەی ئەبجەد دەرناچێ
هیچ ئیسم و تەڵەسم بەلایەوە ناچێ

چ کەسێ چارەی پێ نەکرا
وەکو خۆی ما

***





«ئەهریمەن دەچێتە خەونی دایک و باوکی کچە، جارێک و دووان و سێ، پێیان ڕادەگەیێنێ، ئەگەر کچەکەیان نەخەنە سەر دوگردی بەرسیسی عابد، تاکو بەیانی نوێژ و زیکری لەسەر نەکات و نزا و پاڕانەوەی بۆ نەکا، ئیتر چاک نابێتەوە و وەکو خۆی دەمینێتەوە»

***

لە ئەنجامدا
دایک و باوک ڕازی بوون
لەگەڵ کچەی شێوێندراو
بەپیری بەرسیسەوە چوون

***

ئەهریمەن زووتر
هەڵی گرت لەگەڵ خۆیدا
شەربە شەڕابێک و کۆتکێ پڕ لە قلە زەیتوون
گەیشتە ئەشکەوتەکەی بەرسیسی زەبوون
پێی گوت: گوێ گرە لە ڕەهبەری خۆت گوێ گرە
ئەو شەربەتە،
شەربەتی یەزدانییە و ئاوی کەوسەرە
کچێ دێن
کچی میری ستەمکارە
خۆ ئەگەر چاک نەبێتەوە





دەمانخاتە سەر خوانی تەختەی سێدارە
دەتکوژێ و هەڵت دەواسێ
دڕندەیە و کەس ناناسێ
تۆ کەم کەم، شەربەت، لەو شەربەتی خواییییە بنۆشە
بپاڕێوە لە خوا و نوێژ و زیکری لەسەر بکە
شێوەی کچە ساڕێژکە
پشت بەیەزدان
دووبارە دەگەڕێتەوە
شێوەی جاران

***

ئەهریمەن بۆ ئەهریمەنە
خۆی نەگۆڕێ بەم دیمەنە
شەوێ پێشتر چووە خەونی کچەی شێوێندراوی
بێ سووچ و تاوان
تا پتر دای تەپێنێ لە ژێر باری خشتە و پلان
– کچم... کچم، چیت پێ دەڵێم
نەکەی کۆسپێ بخەیتە ڕێم
نابێ قسەکانم بدرکێنی لای کەس
هەر خۆت و خۆت بزانی و بەس
دەقاودەق ڕەفتاری دەکەی
دەنا هەروەکو ئێستات دەمێنییەوە
تا ماوی ژەهری جوانی خۆت دەخۆیتەوە





«لەو خەوەدا... کچە وەڵامی ئەهریمەنی داوە»
بەڵی بەڵێ، چیت وت، ئامادەم ئامادە
تۆی فریشتە و من بەندە

(ئەهریمەن بەردەوام دەبێ لەو ئامۆژگاریانەی بەگوێی کچەدا دەچرپێنێ و پێی دەڵێت)
– دوای ئەوەی شەو ڕادەکشێ
ئەو عابیدە بەردەوامە و لە نۆشین و...
شەڕابی خوایی دەنۆشێ
ڕەنگ و شێوەی جارانت دەگەڕێتەوە
دیسان بەهۆش خۆت دێیتەوە
خۆت ڕووت بکەوە...

عابد لە باوەش کە
تا ڕوخسارت فەرامۆش کا
خوێنی خاوێنی عیبادەت
تێکەڵی نێو ڕەگ و دەمار و پێستی لەشت دەبێ
پەرداخی بەختت مشت دەبێ
چاک دەبییەوە وەکو جاران
دێیتەوە کۆڕی ژیان
تێگەیشتی
تێگەیشتی
تێگەیشتی...
– کچە دەلەرزی و لە خەو ڕابوو
سەرتاپای گیانی ئارەقە و ئاو بوو
لەبەر خۆیەوە دەیگوت و دەیگوتەوە
بان چاو... سەر چاو

***





شەو ڕاکشا
کاکەی عابد، بێ ژن و دونیا نەدیو بوو
سەری مەست و ڕوو پەڕیو بوو
دڵ لە سینگیا هەڵدەپەڕی
لە ناو سەریدا چۆلەکەی هۆش هەڵفڕی
گیانیشی گەرم داهات،
مێرووڵەی سێکسی بەبڕبڕەی ئیرادەی هەڵگەڕا
کچەی گرت بەسەر پشتا وەری گێڕا

«ئەو شەو هەڵی دەکردە ڕێژنە بارانێ
تێک وەردەبوون باڕێزە لەگەڵ زریانێ» [١]

***

(١) دوو دێرە شیعری فۆلکلۆرییە.

بەیانی زوو ئەهریمەن گەیشتە لای بەرسیس
برسیس کەوتە سەر چۆکان و پاڕایەوە
دەستی من و دامێنی تۆ، شێخی گەورەم
هەر دەبێ خۆت ببیە پەرژین و دەورەم

کارێکە و زلە گوناهم لە بن نایە
کچەم کردووە بە ژن و
تەسبیحێکە و لە دەستما پسایە

ئەهریمەن خۆی وا نیشان دا
پەشێو و هەناسەسوار
لە چۆکی خۆی دا هەی هاوار





هەر من دەزانم ئاگری
داری تەڕ چەند بەدووکەڵە
ئەم کارە چۆن دادەپۆشرێ
لەگەڵ ئەم شێرە باڵدارانە چ دەکرێ؟

– هەر چۆنی بێ، چارت نییە
یەک ڕێ هەیە
بۆ ئەوەی ناوت نەزڕێ... ڕیسوا نەبی
چەند مانگێکی تر ئەم ژنە زگی دەبێ
باشتر وایە بیفەوتێنە
لە نێو کۆندڕێکە لە ژێر دار و پەردوودا بینێژە
کاتێ لێت دەپرسن وا بێژە
کچە گەڕاوەتەوە ماڵ
بێ ئاگام، لەوە زیاتر نازانم
سەربردە و حاڵ





«بەرسیس هەڵدەستێ، ئامۆژگارییەکانی شێخ و ڕەهبەری خۆی جێبەجێ دەکا و کچەکە دەکوژێ و دەینێژێ و ئاگاداری شێخی خۆی دەکاتەوە کە لە کوێدا تەرمی ئەو کچەی شاردۆتەوە»
«ئەمجارەیان ئەهریمەن دەچێتە خەونی میر، ئاگاداری دەکاتەوە چۆن کچەکەی کوژراوە بەدەستی بەرسیسی عابد و لە کوێدا تەرمەکەی شاردۆتەوە»
بۆ بەیانی
شەققژن دەکەوێتە دیوەخانێ
میر بەدرێژایی و پانایی دیوەخانە
دێ و دەچێ
لەمسەر بۆ ئەوسەر
حەوت هەشت زەلامی چوارشانە
کەوڵە بەور و پڵنگ لەبەر

لە دەوروبەر

دەستەوئەژنۆ ڕاوەستاون

– میر دەبڕێ و دەهەنجنێ

ڕوو لە مام کێخوای گوند دەکا

وەڵڵا عابید هۆی دایەوە

«خۆ پشیلەکەی سۆفی بێت

ئینجا پێنج پێنج مشکان دەخوا»[٢]

کێخوا: میرم چییە، چی قەوماوە

ئامادەین بەسەر و گیان

چ ڕووی داوە

---

(٢) پەندێکی پێشینانە.





– میر... دەستەکانی هەڵدەپشێوێ

تف قووت دەدا

زاری کەف دەردەدا

دوودڵ، ڕاڕا

بەدەنگێکی بەرز

ئەدی بەرسیسە... بەرسیسە

ئەو درۆزنە... ئەو پیسە

کیژخانی کچمی کوشتووە

شەیتانە و ناوی بەعابید دەرکردووە

کێخوا... پەکو چۆن ئەمەی کردووە؟
سەر بادەدا
ناچێتە عەقڵەوە... نا... نا!!

میر ... دەی کوڕینە
پێ دەرکیڤی ئەسپان نێن
بەرەو ئەشکەوتی ئەو تاوانبارە هەنگاو نێن
نامەوێ لەوێ بیکوژن
خەڵکی ئەم ناوچانە خۆشیان دەوێ
کەسێ لەگەڵ ئەو قسەیەی من ڕێک ناکەوێ
کە خواپەرستێکی ئاوا
ئەم تاوانەی لێ ڕووبدا





من دەمەوێ
هەر خۆی دان بەسزاکەی خۆیەوە بنێ
بانگ ڕابێژن، لێرە و لەوێ
خەڵکی ناوچە دوور و نزیک ئامادە بن
هەر لێرە و لە گۆڕەپانی ئەم ئاقارە
دەیخەینە سەر تەختەی سێدارە

***

٩

نیوەڕۆیە... گۆڕەپانێکی پان و پۆڕ
بازنەیەکی فراوان و خەڵکێکی زۆر

بەرسیس لە ژێر پەتی سێدارە وەستاوە
چەند پیاوێکی چەکدار دەورەیان داوە

تەرمی کچەش ڕاکشاوە
جاجمێکی ڕەنگاوڕەنگی بەسەردا هەڵکێشراوە

کێخوا... بەدەنگێکی بەرز
ئامادەبووان دەهێنێتە تەزین و لەرز





هاوار دەکات، دەبا مەلا بفەرمووێ
قسە لە بەرسیس وەرگرێ

بزانن چ تاوانێکە ئەم تاوانە
ئەم چەپەڵە، عابید بووە، یا شەیتانە؟!

«لەو کاتە ناسکەدا، ئەهریمەن دەچێتە بن هەنگڵی بەرسیس پێی دەڵێت: ئێستا من دەبمە چەپاڵەی تۆ و فریات دەکەوم و دەربازت دەکەم

بەمەرجێ، سەرم بۆ دانوێنی، چونکە توانیم هەرسێ کارت پی ئەنجام دەم... شەڕابت نۆشی... زینات کرد... قەتل و کاری کوشتنت کرد، هیچ نەماوە... تۆ دەڵێی چی؟»

بەرسیس...

(ڕاستە تۆ هەرسێ کارت پێ کردم ئەی ئەهریمەنی ناپاک نەک شێخ و ڕەهبەری من، بەڵام ناتوانی کاری چوارەمم پێ بکەی و مل دەخەمە ناو بازنەی پەتی سێدارە بەڵام سەرت بۆ دانانوێنم!!)

(پیاوە ناقۆڵا و ماقووڵانی ناوچەکە لەگەڵ مەلای گوند و میر و کێخوا





لە سێدارەکە نزیک دەبنەوە... مەلا ژێر چەناگەی بەرسیسی ڕیشدار و سەری ڕاست دەکاتەوە و پێی دەڵێت:)

– پێم بڵێ و ڕاستی هەڵڕێژە
چیت هەیە و بیدرکێنە
لەگەڵ جەستەی خۆتەوە مەینێژە

هەڵسای بەم تاوانە یا... نا...؟
هەڵسای بەم کارانە یا... نا...؟

بەرسیس... دەمودەست دانی پیانا
وتی بەڵێ... ئا... ئا
بەڵام خۆم بەتاوانبارێک نازانم
ئەگەرچی ئەم کارە ڕووی داوە

داخی گرانم
کێ هەیە بڕوا بێنێ بەقسەکانم
باشتر وایە
بفەرموون ملی من و پەتی سێدارە
هەرچۆنێک بێت
چاکترین بڕیارە

***





مۆم و چرا کوژایەوە
بەرسیسا سەری نایەوە

خەڵکەکە بەردیان لە تەرمەکەی دەگرت
نەعلەت و تفبارانیان دەکرد

***

تەرمێک ماوە لە گوڕەپان
کەسێ نییە
شانی بداتە بەر و بیبات بۆ گۆڕستان

(لەو دەمەدا، پیاوێکی بەرگ سپی و خاوێن، پیاوێکی ڕیش سپی ڕۆحانی، لەسەر تەرمەکەی بەرسیس ئامادە بوو و هاواری کرد...)

هۆ خەڵکینە... هۆ خەڵکینە
مەڕۆن... مەڕۆن... ئارام بگرن
گوێم لێ بگرن... گوێم لێ بگرن

دیسان هەموو بازنە دەبەستنەوە
وەک جاران کۆ دەبنەوە





پیاوە ڕۆحانییەکە...
ئەگەرچی بەرسیس سزا دراوە
کچێکی بێ سووچ و گوناه کوژراوە
هەموو کارێک مەیسەر بووە
بەڵام من هاتووم ببم بەپارێزەرێ
چ نهێنی و پلانی شاراوە هەیە
بیخەمە سەر ڕووی بەڕێ

دەمەوێ ئەو پیاوەتان پێ بناسێنم
ئەگەر توانیم بەمردووییش
بێ تاوانی دەربهێنم

ئێوە لەو مرۆڤە نەگەیشتوون
ئەم تەرمەتان نەناسیوە
گەر بتانناسیبووایە... هەڵتان دەگرت
کە لە پێچی کۆڵاندا وەردەچەرخا
ئەوانەی دانیشتبوون دەبووایە هەڵسنەوە
ئەوانەی بەپێوە بوون
دەبووایە بۆی بنوشتێنەوە





کاتێ دەگەیشتە نزیک دارتەلەکان
چراکان دائەگیرسان
گوڵ و منداڵ.. پەپوولەکان... پاسارییەکان
هەموو سێبەریان بۆ دەکرد
بەمجۆرە بەڕێتان دەکرد

«ڕاست و دروستی کارەسات و ڕووداوەکە وەک خۆی دەگێڕێتەوە بۆ
خەڵکەکە» پێیان دەڵێت:
جا ئێوە و ئێوە، دەڵێن چی؟
بەرسیس تاوانبارە یان نا
شەیتانێک بوو، یان بەندەی خوا؟





دوایین بڕیار بۆ ئێوە بێ
هەڵی دەگرن یان لێرە بێ؟!!

کۆتایی

بەرواری نووسینی ئەم چیرۆکە شیعرە لە نێوان ١٩٨٣-١٩٨٤دا

* لە گۆڤاری بەیان، ژمارە (٩٥) لە ساڵی ١٩٨٤ بڵاو بۆتەوە.

# پێڕست


نازی تاووس و ئاورینگی قوڵینگ ..... 5
لالەی دایساو.. پڕشنگی ڕژاو ..... 15
ئەو ئامێرەی لە هەرێمی ئەهریمەنەوە هەڕەمە ..... 31
ئەو دڕندە کێوییانەی لە دەرەوەی ئاقاری دەستەمۆیین ..... 41
قاقانی خاک ..... 49
بەرزەک ..... 51
شەن و کەوی سەرمەستانی شەو ..... 53
ڕانە هەورێکی قورگ نووساو ..... 57
ئەو پەڵە هەورەی هەڵدەکشێ ..... 59
جەنگ و دڵداری ..... 63
ئاشتەوایی ..... 65
ئۆخژەن ..... 67
لە دەرەوەی خودی خۆیدا ..... 69
لە ئاوی پاکدا ..... 71
تیرۆر ..... 73
ڕەنگەکان ..... 75
بە هەردوو دیویدا ..... 77
درەختی دیار و ڕەگی نەدیار ..... 85
چڵ و چرۆی داگیرساو ..... 89
جالاتیا ..... 101
ڕەش و سپی ..... 105





کێڵگەیەک لە ڕووناکی ..... 107
لە دابڕانێکەوە بۆ دابڕانێ ..... 108
ئەو جوانەی لە جوانی جوانترە ..... 112
لەو شەوە بترازێ وەک ئەو شەوە نابم ..... 118
گوڵی حەقیقەت ..... 121
ئارەزووە زیندووەکان ..... 128
لە دوو وێنەی جیادا ..... 132
بەرسیسی عابد – چیرۆکە شیعر ..... 138